گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 14, No. 3, pp. 478–493, July-September-2026.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# ڕەوشی تەندروستیی لیوای هەولێر 1885-1975

كۆرەك حسن احمد[1]* و فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا[2]
[1] بەشی مێژوو، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەرێما كوردستانێ ـ عێراق.
[2] بەشی مێژوو، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەرێما كوردستانێ ـ عێراق.

وەرگرتن:2025/12   پەسەندکرن: 2026/02   بەلاڤکرن: 2026/07   https://doi.org/10.26436/hjuoz.2026.14.3.1767

**پۆختە:**

تەندروستی هەولێر بە قۆناغ و سەردەمی جیا جیا تێپەڕیوە، هەر قۆناغە و کاریگەریی خۆی لەسەر ڕەوشی تەندروستی جێهێشتووە، بە تایبەتی ڕوداوە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی گشتی لە سەردەمی عوسمانییەکان، نەخۆشخانە تەنها دوو ژووری بچوکی باڵەخانەی شارەوانیی بوو، لە زۆربەی کاتەکانیشدا بێ پزیشك بووە، بەڵام لە کاتی داگیرکاریی بەریتانیدا هەندێ گۆڕانکاریی بچوك ڕوویدا، پزیشکە ئەفسەرەکانی سوپا چارەسەری نەخۆشەکانیان کردوە، هەرچەندە زیاتر مەبەستیان ڕێگریکردنبوو لە بڵاوبونەوەی نەخۆشییەکان، بۆ ئەوەی سەربازەکانی خۆیان پارێزراوبن و لە نەخۆشییەکان دووربن. دامەزراندنی حکومەتی عێراق و وەزارەتی تەندروستی و کۆلێژی پزیشکی تا ڕادەیەك گۆڕانکاریی دروستکرد، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لە ئاستی پێویست و خواستی دانیشتواندا نەبوو، بە درێژایی سەردەمی پاشایەتی بارودۆخی تەندروستی خراپ بووە، لە قەزا و ناحیە و گوندەکان زۆر خراپتریش بووە. لە سەرەتای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 تا ڕادەیەك گۆڕانکاری ڕوویدا و باری تەندروستیی لە قۆناغەکانی پێشوو باشتربوو، بەڵام ڕووداوە سیاسییەکانی وەك کودەتا سەربازییەکان و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی 1961 لە کوردستاندا، کاریگەریی لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان دروستکرد بە تایبەتی لایەنی تەندروستیی، ئەمانە هەموو بەسەریەکەوە کاریگەریی زۆریان لەسەر بارودۆخی تەندروستی هەبووە، هەر ئەوەش وایکردووە کە لە هەولێر بەرەوپێشچوونی کەرتی تەندروستیی لە ڕووی پێداویستییەکان و ژمارەی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیی و پزیشك و کارمەندانەوە وەکو پێویست لە ئاستی فراوانبوونی شارەکە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوواندا نەبێت، کەمی بودجەی تەرخانکراویش هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی ئەو دۆخە بووە.

**کلیلی ووشەکان:** هەولێر، تەندروستیی، پزیشك، نەخۆشخانە، نەخۆشی.

## پێشەکی:

تەندروستیی کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لە هەر شار و وڵاتێکیشدا ئاستی پێشکەوتنی کەرتی تەندروستیی، ئاستی پێشکەوتنی ئەو شار و وڵاتە نیشان دەدات، هەر بۆیە ئاوڕدانەوە لە مێژووی ڕەوشی تەندروستیی هەر شار و وڵاتێک پێویستە و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، هەولێریش کە مێژوویەکی کۆنی هەیە تا ئێستا وەک پێویست لە چوارچێوەی توێژینەوەی مێژووییدا ئاوڕ لە مێژووی کۆمەڵایەتیی کە لایەنی تەندروستیی بەشێکی ئەو مێژووەیە نەدراوەتەوە، هەر بۆیە ئێمە ئەو بابەتەمان هەڵبژارد بە مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لەو کەلێنە.

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە بە هەرسێ زمانی کوردیی، عەرەبیی و ئینگلیزیی، پێشەکیی، پێنج تەوەر، ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

لەتەوەری یەکەمدا باس لە گەشەکردنی سستەمی تەندروستیی هەولێر کراوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی عوسمانیی تا ساڵی 1975. پاشان لە تەوەری دووەمدا باس لە پزیشك و کارمەندانی تەندروستیی کراوە و تێیدا ژمارەی پزیشکەکان لە زۆربەی ساڵەکان خراونەتەڕوو. لە تەوەری سێیەمیشدا باسی ئەو نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییانە کراوە کە لە هەولێردا هەبوون، پاشان لە تەوەری چوارەم باس لە دەرمانخانەکان و دواتریش لە تەوەری پێنجەمدا باس لەو نەخۆشییانە کراوە کە لە هەولێر بڵاوببونەوە. پاشان بە چەند خاڵێك ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە لەم توێژینەوەیەدا پێیانگەیشتووین. لە لیستی سەرچاوەکانیشدا، هەموو ئەو سەرچاوانە تۆمارکراون کە بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشتیان پێبەستراوە.

بێگومان کارێکی زانستیی لەم شێوەیە بێ کۆسپ و گرفت نابێت، ئەویش بە هۆی نەبوونی ئەرشیفخانەیەکی نیشتمانیی لە هەریمی کوردستاندا و هاوکارینەکردنی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ بەردەستخستنی بەڵگەنامەی پێویست، هەروەها نەبوونی داتا و زانیاریی تەواوی ساڵەکان.

سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە جیاواز و جۆراوجۆرن، وەکو بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە، بڵاوکراوە حکومییەکان، رۆژنامە و گۆڤار، نامە و تێزی زانکۆیی، وتار و لێکۆڵینەوە، کتێب، ئینسکلۆپیدیا و چاوپێکەوتنی کەسی، کە هەر یەکەیان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەپشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاریی بەستراوە.

*ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

**تەوەری یەکەم: گەشەکردنی سیستەمی تەندروستیی لیوای هەولێر تاکو ساڵی 1975**

لە سەردەمی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانییدا هیچ خزمەتگوزارییەکی تەندروستیی پێشکەش بە لیوای هەولێر نەکرا، بۆ چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکان و ڕێگریکردن لەو نەخۆشییانەی بڵاودەبوونەوە، دەوڵەتی عوسمانیی لە ساڵی 1871 یاسای تایبەتی بە تەندروستیی گشتیی دەرکرد، ناوی لێنا ڕژێمی کارگێڕیی گشتیی پزیشکیی، بەپێی ئەو یاسایە لەسەر شارەوانیی هەموو شارەکانی هەر ویلایەتێک پێویست بوو، کە پزیشکێک و یاریدەدەرێک لە شارە گەورەکان بنێرێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و لە تەندروستیی شارەکەش بەرپرس بێت (هەروتی،2023،ل282-284). بەم پێیە خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە تایبەتمەندیی شارەوانییەکانی وڵات بوو کە پێشکەشی هاوڵاتیان دەکرا(لونكريك،1968،ص380).

بەگوێرەی ساڵنامەی عوسمانیی (1890-1891) شاری هەولێر تا ساڵی1900 پزیشکی نەبووە، لەم ساڵەدا بڕیاردراوە، کە (هارون ئەفەندی) پزیشکی تازە دەرچووی تورکی بۆ دابمەزرێنن(موصل ويلايتي سالنامه سي،1325). بە گوێرەی زانیاریەکانی ساڵنامەی عوسمانیی، کەرتی تەندروستیی لە شاری هەولێر تەواو پشتگوێخراوە و هیچ خزمەتێکی تەندروستیی پێشکەشی هاوڵاتیان نەکراوە، دەسەڵاتدارانی عوسمانیی هیچ کام لەو پارە زۆرەی، کە لە دانیشتووان کۆیان دەکردەوە، بۆ خەرجکردنی پەروەردە و تەندروستیی و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تەرخان نەکرد.

عێراقیش هیچ دامەزراوەیەکی تەندروستیی لێنەبووە، دواتر چەند نەخۆشخانەیەک دروستکران وەکو: محەمەد پاشا بەیرەقدار لە موسڵ ساڵی1843، (الغرباء) لە بەغدا ساڵی1872 (محمد، 2022، ص632)، نەخۆشییە دەروونییەکان لە بەغدا ساڵی 1893 (الوتري و شابندر، 1939، ص55)، مەجیدیە لە بەغدا ساڵی1900 (العلوجي، 1967، ص 152؛ العلاف، 1960، ص29). کۆمەڵەی میسیۆنێری کڵێسای ئینگلیزی ساڵی1900 لە بەغدا (محمد، 2022، ص631).

ئەم پشتگوێخستنەی بواری تەندروستیی تا دامەزراندنی شارەوانییەکان درێژەی کێشا، شارەوانیی هەولێر بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1885) دامەزراوە، هەر شارەوانییەک لەسەری پێویست بوو نەخۆشخانەیەک بکاتەوە(نصار، 2005، ص264-266). لە ژێر ڕۆشنایی مەرجی دەوڵەتی عوسمانیی، ساڵی (1908) لەلایەن شارەوانی هەولێر لە سەردەمی سەرۆکایەتی عەلی پاشا مەحمود ئاغا(1913-1907)، نەخۆشخانەیەکی بچووك و سادە لە تەنیشت شارەوانیی دروستکراوە، پزیشکێکی موسڵاویی بەناوی (عەبدولئەحەد عەبدولنور) زیاتر لە هەشت ساڵ چارەسەری نەخۆشی لەم نەخۆشخانەیە کردووە (چیچۆ و قادر، 1985، ل11؛ الجاوشلي، 1985، ص14؛ چەخماخچی، 1999، ل35؛ يارالي، 2009، ص19). ئەرکەکانی پزیشکی شارەوانیی بریتیبوون لە چارەسەرکردنی نەخۆش و چاودێریی تەندروستیی(الوتري و شابندر، 1939، ص55).

خزمەتگوزاری تەندروستیی، بە گشتی بۆ دامەزراوەی سەربازیی سنووردار کرابوو، هەرچی پێداویستییە تەندروستییەکانی خەڵک بوو، لە لایەن کەسانیی دەوڵەمەند و خێرخواز دابینکرابوو (حميدي، 2021، ص220).

سیاسەتی عوسمانیی بە هۆی چەندین کەموکوڕییەوە، ببووە هۆی خراپبوونی بارودۆخی دانیشتووان بە تایبەتی لە بواری تەندروستیی، بەردەوام بە دەست بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی، کەمیی ژمارەی پزیشك، نەبوونی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستیی پەکیکەوتبوو( احمد، 1986، ص272). ئەمە جگە لە خراپی بەڕێوەبردن، گۆڕینی بەردەوامی والییەکان، بڵاوبوونەوەی نەزانیی و هەژاریی، نەبوونی کارگێڕییەکی باشی تەندروستیی، ببووە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێك نەخۆشیی و پەتا (حريس، 2022، ص328). یەکێك لەو پەتایانە، (کۆلێرا) بوو، کە لە سەرانسەری ویلایەتی موسڵ بڵاوببووەوە (گەلاڵەیی، 2023، ل66).

بارودۆخی هەولێر لە ڕووی تەندروستیی لە کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییەکان زۆر خراپ بوو، بە هۆی گرنگینەدان بە پاکوخاوێنیی و نەگواستنەوەی زبڵ و خاشاک بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوون، جگە لەوەی کەناڵە ئاوییەکان لەسەر شەقامەکانی قەڵا دەڕۆیشتن و خاوێن نەدەکرانەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی هەبوو، لەو کاتەدا پەتای (سیل) بڵاوببۆوە، کە بەهۆی نەبوونی دەرمان و خۆپاراستن چارەسەرکردنی ئەستەم بوو (الجاوشلي، 1985، ص48). نزمی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوشی تەندروستیی هاوڵاتیان هەبوو، بە هۆی نەبوونیی و کەمیی پزیشکەوە ڕوویان دەکردە پیاوانی ئایینیی بۆ نووشتە و چارەسەر (کاکەسور،2007، ل125).

یەکێکی دیکە لە کەم و کوڕییەکانی کەرتی تەندروستیی، ئەوە بووە کە بواری تەندروستیی لەسەر بنەمای زانستیی نەبووە، بۆ نموونە سەرتاشەکان جگە لە کاری خۆیان کاری خەتەنە کردنی منداڵ و چارەسەری سوتانیشیان کردووە، بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کاربەدەستانی عوسمانیی خۆیان بە بەرپرس نەزانیوە لە هەمبەر گوزەران و تەندروستیی هاوڵاتیان، بۆیە خەڵکی بە ناچاری پەنایان بۆ ڕێگە و شێوازی ناتەندروست بردووە.

لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانیی(1914-1918)، بەریتانیا لە تشرینی دووەمی 1918 هەولێری داگیرکرد، هەر لە سەرەتاشەوە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، جەختیان لەسەر ئارامیی شار دەکردەوە(قادر، 2008، ل78). لە 1ی تشرینی دووەمی 1919 لیوایەکی نوێ بە ناوی هەولێر دامەزرا. هەر یەکە لە ڕەواندز و کۆیە خرانە سەر لیوای هەولێر، ئەفسەری سیاسی بەریتانیا کاپتن هەی کرا بە حاکمی سیاسی لیوای هەولێر (هەی، 2010، ل17).

یەکێك لە کاریگەرییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیی، بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی و پەتای هەمەچەشن بوو، نەبوونی خۆراکی تەندروست و چارەسەری پێویست، هۆکار بوون بۆ مردنی خەڵک بە گشتی و منداڵ بەتایبەتی (خواجە، 2013، ل14). لە سەرانسەری عێراقیشدا ڕەوشی تەندروستیی گرفتی زۆر بوو، بە هۆی نەبوونی هۆشیاریی تەندروستیی و

دواکەوتوویی، کەمیی بودجەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کە ڕێژەکەی دەگەیشتە4,1% لەکۆی گشتی بودجەدا (رسول، 2005، ص101)، بەریتانیا بە مەبەستی پاراستنی هێزەکانی و چەسپاندنی دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵگەی عێراقییدا، خزمەتگوزاریی تەندروستیی پەرەپێدا، بۆ ئەم مەبەستەش ئیدارەی تەندروستیی گشتیی بە ناوی سەرۆکی کارگێڕیی بەشی تەندروستیی مەدەنیی لە عێراق دامەزراند، لە ساڵی 1919 ناوی بووە ئەمینداریێتی تەندروستیی(حریس، 2022، ص329 )، لە هەمان ساڵیشدا لە هەولێر نەخۆشخانەیان دروستکرد (چاوشلی، 1987، ل14)، لە ساڵانی(1922-1920)، ئەفسەری پزیشکی بەریتانیی(ویلیام سۆن) بە هاوکاریی پزیشکێکی عەرەب و پزیشکی هیندیی (محمدخان) و پزیشکی یۆنانیی (دیمیتریکی)، هەندێ چاکسازیی لەو نەخۆشخانەیەدا کرد، ئەم نەخۆشخانەیە خزمەتی گەورەی پێشکەشی دانیشتووانی شارەکە کرد (یارالي، 2009، ص19؛ هاملتن، 2013، ل 67)، بە هۆی نەخۆشیی و نەبوونی چارەسەر، ڕێژەی مردنی منداڵ بەرز بوو(هەی، 2010، ل47)، بەریتانییەکان چەند پزیشک و فەرمانبەری تەندروستییان بۆ شارەکە هێنا. لە هەموو ناوەندەکانی شارەکاندا کلینیک کرانەوە، پزیشکە سەربازییەکانی بەریتانیا خزمەتگوزاریی پزیشکییان پێشکەشدەکرد، (ریچ جۆنسن) لە ناوەڕاستی بیستەکان سەرۆکی تەندروستی لیواکە بوو، (دیرهاکوبیان، 1981، ص194؛ رسول، 2009، ل 1391).

سیاسەتی تەندروستیی بەریتانیا بۆ پاراستنی هێزە سەربازییەکانی، ڕێگریکردن بوو لە نەخۆشییە درمەکان، زۆرینەی ڕەهای دانیشتووان بەدەست تێکچوونی بارودۆخی تەندروستییەوە هەراسان ببوون، لەم کاتەدا پەتای وەك: (کۆلێرا، تاعون، سورێژە، کۆکە، تایفۆید و مەلاریا) باو بوون(احمد، 1986، ص272)، کێشە تەندروستییەکان هەمەچەشن و زۆربوون، خەڵک لە دۆخێکی ناتەندروستدا دەژیان، زۆرینەی خەڵک نەخوێندەوار و بێئاگا بوون لە سادەترین ڕێساکانی تەندروستیی، کاتێك ئینگلیزەکان دەسەڵاتی تەندروستیی شاهانەیان دامەزراند، کە ئەرکی سەرپەرشتیی تەندروستیی هەموو عێراقی لە ئەستۆبوو، ستافی کارگێڕیی و ئەو پزیشکانەیان بەکارهێنا کە ئەفسەری ناو سوپا بوون، ئەمەیان تەنها بۆ پاراستنی تەندروستیی دانیشتووان و ڕێگریکردن بوو لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لە دانیشتووانەوە بۆ سوپا(عقراوي، 1936، ص159)، هەروەها نەخۆشخانەی هەولێریان گواستەوە قەراغ شار بۆ نەخۆشانی دەوروبەر سوودی زۆری هەبوو(مەزهەر، 2009، ل124).

لە ماوەی دەسەڵاتی بەریتانییەکان، هەموو کارەکانی تەندروستیی و بازار و خاوێنکردنەوە پەیوەست بوون بە شارەوانیی و مانگانە جارێك کۆدەبوونەوە (الحسني، 2013، ص67). بە مەبەستی یەکخستنی تواناکانیان، پزیشکە عێراقی و بەریتانیەکان لە 14ی ئابی 1920 لە شاری بەغدا کۆمەڵەی پزیشکی بەغدایان بە سەرۆکایەتی سندرسن پاشا(1891-1974) پزیشکی تایبەتی بنەماڵەی پاشایەتیی عێراق دامەزراند(باشا، 1982، ص46).

لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی کاتیی لە عێراقدا لە ساڵی 1920 بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان نەقیب، وەزارەتی پەروەردە و تەندروستیی دامەزرا و عیزەت پاشا کەرکوکی لە 22ی شوباتی 1921 یەکەم کەس بوو بەرپرسیاریەتی ئەم وەزارەتەی لە ئەستۆگرت، ئەوەی جێگای ئاماژەیە لە ئەیلولی 1921 وەزارەتی تەندروستیی بووە وەزارەتێکی سەربەخۆ، حەنا خەیات(1959-1884) کرا بە وەزیر، لەگەڵ عەقید گراهام ڕاوێژکاری بەریتانی بۆ وەزارەتەکە (الحسني، الجزء الاول، 1988، ص19؛ الفكيكي، 1989، ص37؛ حريس، 2022، ص329)، ئەو وەزارەتە لە یەکەمین ساڵی دامەزراندنیدا (3401000)روپیەی وەکو بودجە بۆ تەرخانکرا (عقراوي، 1936، ص162 )، خراپی دۆخی تەندروستیی عێراق وایکرد عەبدولڕەحمان نەقیب لە وەزارەتی دووەمی خۆیدا (1922/4/1921-1/8/23) وەزارەتی تەندروستیی گشتی دامەزراند (الحسني، الجزء الاول، 1988، ص130؛ الشجيري، 2005، ص147)، بەڵام دواتر هەر لە ساڵی 1922 بووە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، ساڵی 1939 بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لکێنرا، تا ساڵی 1952 بەم شێوەیە مایەوە (الحسني، الجزء الاول، 1988، ص89؛ الفكيكي، 1989، ص27؛ حريس، 2022، ص329؛ اربيل، 1968، ص23).

بێگومان لابردنی وەزارەتی تەندروستیی لە عێراق و کردنی بە بەڕێوەبەرایەتییەك و سەر بە وەزارەتەکانی دیکە، ئاماژەیە بە گرنگینەدانی کاربەدەستانی عێراق بە کەرتی تەندروستیی، کە یەکێکە لە ژێرخانی ئابووری وڵات.

سەبارەت بە خوێندنی بواری تەندروستیش، قوتابخانەی دەرمانسازی لە بەغدا لە ساڵی 1922 دامەزرا (عقراوي، 1936، ص160). کۆلێژی پزیشکی لە 29 تشرینی یەکەمی1927 لەبەغدا کرایەوە و (22) خوێندکار وەرگیران (باشا، 1982، ص46). شایەنی باسە هیچ قوتابییەکی خەڵکی هەولێر وەرنەگیراوە.

لە ساڵی(1936) کۆلێژی دەرمانسازیی و کیمیایی شاهانە لە بەغدا کرایەوە، کە ماوەی خوێندن چوار ساڵ بووە، لە ساڵی1940، (12) قوتابی لەو کۆلێژە دەرچوون (الهلالي، 1953، ص255؛ الرباتي، 2004، ص74)، ساڵی1953 وەزارەتی تەندروستیی کۆلێژی پزیشکی ددانی لە بەغداد کردەوە، ماوەی خوێندن پێنج ساڵ بووە، بە ئامانجی دابینکردنی پێویستی وڵات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ددان (العلوجي، 1967، ص300-304؛ الرباتي، 2004، ص74؛ رشيد، 2007، ص108).

سەبارەت بە لیوای هەولێر، ساڵی1932 فەرمانگەی سەرۆکایەتیی تەندروستیی شاری هەولێر دامەزراوە، سەلیم خەیات پزیشکێکی خەڵکی موسڵ بوو، یەکەمین بەڕێوەبەری فەرمانگەکە بووە(یارالي،2008،ص41). لەو ماوەیەدا لە عێراق چوارده کارگێڕیی تەندروستیی لە سەرجەم لیواکاندا دامەزران، لەو چوارچێوەیەدا ساڵی 1938 بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی گشتی لە لیوای هەولێر دامەزرا (الشجيري، 2005، ص147). کە تا ساڵی1974 لە لایەن (12) پزیشکەوە

بەڕێوەبردراوە، کە زۆربەیان لە پێکهاتەی عەرەب بوون وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت (يارالي،2009،ص21):

| # | ناوی پزیشک | شوێن | ماوەی کارکردنیان |
|---|---|---|---|
| 1 | سەلیم خەیات | موسڵ | 1934 1932 |
| 2 | بەشیر مەرسام | موسڵ | 1937 1935 |
| 3 | ڕەشید زەکەریا | موسڵ | 1939 1937 |
| 4 | سالم نوحاس | موسڵ | 1940 1939 |
| 5 | ڕەفیق تاهیر چەلەبی | کۆیە | 1954 1940 |
| 6 | مەردان عەلی | کەرکوک | 1955 1954 |
| 7 | سالم خوسرۆ | موسڵ | 1961 1956 |
| 8 | احمد عثمان عەزیزی | موسڵ | 1963 1961 |
| 9 | عەبدولرەحمان عەبدواللە | هەولێر | 1965 1963 |
| 10 | محمد زیوەر شەریف | هەولێر | 1970 -1965 |
| 11 | یەحیا مەلا ئەمین بەقاڵ | هەولێر | 1971 1970 |
| 12 | عەبدولرەزاق شەهاب دەباغ | هەولێر | 1974 1971 |

جەنگی دووەمی جیهانیی(1945-1939)، بووە هۆی پاشەکشەی خزمەتگوزارییەکان بەگشتی و تەندروستیی بە تایبەتی، بە هۆی نەبوونی پزیشک، دەرمان، کەمیی نەخۆشخانە و بنکە بۆ چارەسەرکردن (محەمەد، 2017، ل86). کوردستان لە ڕووی بارودۆخی تەندروستیی دواکەوتووبوو، ئاو و کارەبا لە گوندەکاندا نەبوو، ئاوی کانیان بەکاردەهێنا، زۆربوونی مێش و مەگەز بە تایبەت لە وەرزی بەهاردا هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی بوو، جگە لە بارودۆخی سەختی سروشتی و کەش و هەوا و هەژاریی و بەدخۆراکیی کە هۆکاری مردنی(50%)ی منداڵان بوو. نەخۆشخانەو پزیشک لە کوردستان زۆر کەم بوو، تەنها لە هەندێک شار هەبووە، زیاتر پەرستار هەبووە (تۆمابوا، 1979، 171-172).

دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە بە پێی یاسای ژمارە (32)ی ساڵی1950 هۆکارێکی دیکە بوو بۆ گەشەسەندنی کەرتی تەندروستی لە عێراقدا، یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەن لە 30ی تشرینی دووەمی 1950 ئەنجامدرا، یەکێك لە پرۆژەکانی ئەنجومەن تەرخانکردنی بڕی(7) ملیۆن دینار بوو، بۆ دروستکردنی بنکەی تەندروستیی و خانوو بۆ پزیشکان لە قەزا و ناحیەکانی عێراق (الحكومة العراقية، مجلس الاعمار، 1952، ص3-10). لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەی هەولێر بلاویکردۆتەوە، کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیی ڕایگەیاندووە، دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی نوێ لە هەولێر خرایە ناو بەرنامەی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە (ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (29)، 30ی حوزەیرانی 1951.).

بە پشتبەستن بە یاسای پێکهێنانی وەزارەتەکان ژمارە(37) ساڵی(1933) و یاسای دامەزراندنی وەزارەتی تەندروستیی ژمارە (28)ی ساڵی (1952)، جارێکی دیکە وەزارەتی تەندروستیی دامەزرایەوە، عەبدولڕەحمان جەودەت بووە یەکەم وەزیری تەندروستیی دوای دووبارە دامەزراندنەوەی (الحسني، الجزء الثامن، 1988، ص281)، ئەرکەکانی وەزارەت بریتیبوون لە: چاودێریی و سەرپەرشتیکردنی تەندروستیی و لەدایکبوون، دامەزراندنی پەیمانگای تەندروستیی، دروستکردنی نەخۆشخانە، کۆلێژی پزیشکیی، قوتابخانە و نەخۆشخانەکان، تەندروستیی قوتابیان، تاقیگە، کۆنترۆڵکردنی سیل، چاودێریی لەدایکبوون و منداڵ، تەندروستیی زیندان، پرۆژەی شیرەمەنیی، ئەندازیاریی تەندروستیی، ئەندازیاریی نەخۆشخانە، و بانکی خوێن (حريس، 2022، ص329).

بارودۆخی تەندروستیی لە عێراق، بەدرێژایی ماوەی پاشایەتیی کۆمەڵێک کێشەی جیاجیای هەبوو، کە خۆی دەبینییەوە لە نەبوونی هۆشیاریی تەندروستی و خراپی باروگوزەرانی خەڵک، هەروەها کەمی بودجەی تەرخانکراو. لە کوردستانیشدا دۆخەکە خراپتر بووە، چونکە نەخۆشخانە تەنها لە شارەکاندا هەبوو، ئەمە سەرباری کەمیی پزیشک و دەرمان و قەرەوێڵە بۆ نەخۆش، ساڵی (1944) تەنها (9) پزیشک لە لیوای هەولێر هەبووە، تا ساڵی (1949) ژمارەیان گەیشتە (12) لەگەڵ (5) پزیشکی سوپا (کاکەسور، 2009، ل143؛ العبيدي، 2010، ص21-22)، بەڵام ساڵی 1950 ژمارەکە کەمبۆتەوە بۆ (15) پزیشك (الاتحاد الدستوري، العدد(384)، 1951).

بە شێوەیەکی گشتی، لە سەردەمی پاشایەتییدا بەهۆی کەمیی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و پزیشک و پەرستار و نەبوونی چارەسەر، دۆخی تەندروستیی دواکەوتووبوو، ئەمە سەرەڕای کەمی بودجەی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی تەندروستی بۆ نموونە ساڵی 1945 تەنها دوو ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، هەروەها وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، لە ساڵانی (1958-1948) واتە دە ساڵی کۆتایی ڕژێمی پاشایەتیی، بڕیکی کەمی بودجەی بۆ تەرخانکراوە (ديرهاكوبيان، 1981، ص 203-206؛ رشيد، 2007، ص29-75):

| ساڵ | 1948 | 1949 | 1950 | 1951 | 1953 | 1954 | 1955 | 1956 | 1957 | 1958 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بودجە بە ملیۆن دینار | 4,8 | 4,4 | 6,2 | 7,5 | 6,5 | 7 | 9 | 7 | 6,6 | 5,3 |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیی بودجەی تەرخانکراو بۆ کەرتی تەندروستی کەمە و لە ئاستی پێویست بۆ خزمەتگوزاریی نیە، گومان لەوەدا نیە جەنگەکە کاریگەری زۆری هەبووە لە دیارکردنی ئەو ڕێژە کەمە، بەڵام لە ساڵەکانی دواتردا ڕێژەکە زیادیکردوە، ئەمەش بۆ باشبوونی باری دارایی عێراق، بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ئەنجومەنی دامەزراندن دەگەڕێتەوە، هەرچەندە بودجەی ساڵانە کەم و زیادی کردووە، هەروەها بودجەی ساڵانی (1974-1968) بەم شێوەیە بووە (الجشعمي، 2021، ص399):

| ساڵ | 1968 | 1969 | 1970 | 1971 | 1972 | 1973 | 1974 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بودجە بە ملیۆن دینار | 10 | 12 | 13 | 14 | 16 | 19 | 30 |

ئەگەر سەیری ئەم خشتەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین ساڵانە بودجە زیادیکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی زیادبونی بنکەی تەندروستیی و دامەزراندنی کۆلێژ و قوتابخانەی پزیشکیی، هەروەها هۆکار بوە بۆ زیادبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

بەمەبەستی خزمەتکردنی منداڵ و پاراستنیان لە نەخۆشییەکان، کۆمەڵەی پاراستنی منداڵان لە ساڵی 1955 لە شاری هەولێر لە لایەن ژمارەیەك کەسایەتی دامەزرا، کە پزیشك و پارێزەر و خۆبەخش بوون، بە مەبەستی پاراستنی تەندروستیی منداڵان و دایکانیان و دابینکردنی خۆراک و جلوبەرگ بۆیان، ئەندامەکانی کۆمەڵە لەمانە پێکهاتبوون: سەرۆک: موحسین ئاغا سەرۆکی شارەوانی، جێگری سەرۆک: دکتۆر مەردان سەرۆکی تەندروستیی، سکرتێر: پارێزەر ئیبراهیم دزەیی ئەمین سندوق: پارێزەر محەمەد فەتاح دەباغ، چاودێریی ژمێریار: دکتۆر محمد سەعید بەکری، ئەندامەکان: عەبدولوەهاب ئاغا حیکمەت، پارێزەر زەید ئەحمەد. بێگومان پێکهێنانی ئەم کۆمەڵەیە پارەیەکی زۆری پێویستبوو. بۆیە لە لایەنی داراییەوە داوای هاوکاری لە خەڵک و دەستڕۆیشتوان کرد (هیوا، ژمارە(19)، 1955).

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە لایەنی تەندروستیی و زیادکردنی کارمەند و پەرستار، سەرۆکایەتی تەندروستییی هەولێر، خولی تەندروستیی بۆ دەرچووانی خوێندنی سەرەتایی لە نەخۆشخانەی هەولێری کۆماریی کردەوە، خولەکانیش ئەمانەبوون:

1- خولی پەرستاریی و مۆڵەتی مامانیی، کە ساڵی 1961 کرایەوە، ماوەی خوێندنکەشی (18) مانگ بوو.
2- خولی پەرستاریی، ساڵی 1961 کرایەوە، ماوەی خوێندنکەشی (18) مانگ بوو، دەبووایە تەمەنی قوتابی لە نێوان (15-25) ساڵ بێت، لە نەخۆشخانەی کۆماریی جێگیر دەبوو و موچەی مانگانەی پێدەدرا (هەولێر، ژمارە(14)، 1961).
3- خولی فێرکاریی و ڕاهێنان بۆ پەرستارانی ڕێگەپێدراوی کچان، ساڵی 1962، لە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر کرایەوە، ماوەکەشی (18) مانگ بوو، مەرجاکانی وەرگیرانیش ئەمانە بوون: قوتابی دەرچووی سەرەتایی یاخود ناوەندیی بێت، تەمەنی لە 14 ساڵ بۆ 25 ساڵ بێت، دەبێت لە چاوپێکەوتن و پشکنینی پزیشکیی دەربچێت، نابێ شووی کردبێ یاخود بێوەژن بێت. هەروەها قوتابی مانگانە (5) دیناری پێدەدرا (هەولێر، ژمارە(43)، 1962).
4- هەروەها ساڵی 1962 خولی پەرستاریی لە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر کرایەوە و ماوەی یەک ساڵ بەردەوام بوو، بۆ قوتابیانی پێنج و شەشی سەرەتایی، دوای دەرچوونیان دەبوون بە کارمەندی کوتان، بە هەمان مەرجەکانی پێشتر (هەولێر، ژمارە(45)، 1962).

لە ساڵی 1969 لە هەولێر خولی تەندروستیی لەلایەن وەزارەت کرایەوە، (12) کەس دەرچوون (الجمهورية العراقية، وزارة الصحة، 1970، ص35). بۆ نموونە کەسێك بەناوی عەبدولکەریم شێخ عەلی یەکێکە لە دەرچووانی خولەکەو بڕوانامەی باوەڕپێکراوی وەزارەتی تەندروستیی وەرگرتووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم شێخ عەلی، هەولێر، 2025/7/8).

سەرەڕای ئەوانە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردن لە ساڵی 1970 داوای لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستیی پارێزگاکان کردووە، خولی هاوینەی تەندروستیی بۆ گشت مامۆستایان بکەنەوە(الجمهورية، العدد(783)، 1970). هەروەها لە هەمان ساڵدا سەرۆکایەتی تەندروستیی هەولێر لە نەخۆشخانەی کۆماریی خولی بۆ ژمارەیەك مامان کردۆتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەمانە سەر بە وەزارەتی تەندروستیی نەبوون و بە شێوەی سەربەخۆ لە ماڵاندا کاریان دەکرد، بۆ شارەزابونیان لە کاری دروستی لەدایکبوون و چاودێریکردنی ئافرەتی دووگیان (الجمهورية، العدد(843)،1970/8/20). کە تا ئەم دواییەش بەردەوام بوونە لە ناوچە دوورە دەستەکان و تەنانەت لە شارەکانیش.

بە مەبەستی زیادکردنی کادیری تەندروستیی و خزمەتکردنیان بە پاریزگای هەولێر، سەرۆکایەتی تەندروستیی پارێزگا لە ساڵی1971 و 1972 ئەم کارانەی ئەنجام داوە: کردنەوەی (15) بنکەی تەندروستی، (20) کچ خولی پەرستاریی تەواو کردوە، (24) یاریدەدەریان دامەزراندوە، ئامێری تیشك لە نەخوشخانەکانی کۆماری، سینگ، منداڵان، شەقڵاوە و سەلاحەدین دامەزراندوە، بۆ ساڵی خوێندنی (1971-1972) بڕیاریدا قوتابخانەی پەرستاریی بکاتەوە، لەو ساڵەدا (54) قوتابی وەرگرتووە، تیمەکانی کوتانی خوریکە و ڕشانەوە گەشتەکانیان لەناو لیوا تەواوکرد، کردنەوەی نەخۆشخانەی نوێی منداڵان کە جێگای(70) نەخۆشی هەبوو (الجمهورية، العدد (1161)، 1971/8/28؛ هەولێر، ژمارە(1)، ساڵی(3)، 1972).

هەروەها بەشەکانی نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی(1973-1969) گرنگترین ئەو نەشتەرگەرییانەی ئەنجامیانداوە: (الجمهورية العراقية، وزارە الصحة، رقم(49266)، في 1974/11/20؛ الجمهورية العراقية، محافظة اربيل، رقم (20537/19)، في 1974/12/7؛ وزارة الصحة، رئاسة صحة محافظة اربيل، رقم(11457)، في1974/12/21):

| بەشەکانی نەخۆشخانەی کۆماریی | 1969 | 1970 | 1971 | 1972 | 1973 |
|---|---|---|---|---|---|
| نەشتەرگەریی گشتی | 861 | 2603 | 2631 | 2799 | 3118 |
| ئافرەتان | 788 | 1288 | 1318 | 1552 | 1494 |
| لوت و قوڕگ و گوێ | 201 | 304 | 441 | 537 | 624 |
| چاو | 121 | 269 | 160 | 217 | 236 |
| تیشك | 13707 | 14626 | 11870 | 14708 | 15999 |
| چارەسەری سروشتی | 4539 | 3235 | 8989 | 83350 | 7864 |

بە هۆی سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر کورد، هەڵگیرسانی شۆڕش و نەگەیشتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە ناوچەکانی شۆڕش، وەك پێویستییەکی هەنوکەیی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە 21 ئەیلولی 1968 بڕیایدا بە کردنەوەی بەشی تایبەت بۆ گرنگیدان بە کاروباری تەندروستیی و پەروەردەیی، بەرپرسی تەندروستیی سەرپەرشتی نەخۆشخانە و گرنگیدان بە خۆپارێزیی و تەندروستی دەکرد، کە لە لایەن مەحمود عوسمان کە خۆی پزیشك بوو سەرپەرشتی دەکرا، هەروەها بەردەوام خولی پەرستاریی و فریاکەوتنیان دەکردەوە (العبيدي، 2010، ص25). دەرچوانی ئەم خولانە سەرباری چارەسەری پێشمەرگە، خزمەتی زۆریشیان بە گوندنشینەکان کردووە.

بەیاننامەی (11ی ئاداری1970) لە کوردستان وێڕای کاریگەریی سیاسی، لە بوارە جیاجیاکانی دیکەشدا کاریگەریی باشی هەبوو (عەبدوڵڵا، 2008، ل64). ڕۆڵی گرنگی لە بوژانەوەی کوردستاندا هەبوو، ئەوە بوو نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستیی سەرەکیی و لاوەکیی و دامەزراوە تەندروستییەکانی دیکە لە کوردستان دامەزرێنران (الجمهورية، عدد(1648)، 1973/3/10).

بارودۆخی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی، ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر لایەنی تەندروستیی هەیە، لەکاتی ناسەقامگیرییدا خزمەتگوزاریی تەندروستیی زۆر کەم دەبێتەوە، ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی تاکو سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول، بە درێژایی ماوەی شۆڕش بەشێکی پارێزگای هەولێر لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییدا نەبوو، شۆڕش خۆی خزمەتی تەندروستیی گرتۆتە ئەستۆ، سەرباری ئەوەش بە هۆی خراپی باری ئابوری و گرانی نرخ، خەڵک تووشی بەدخۆراکیی بووە، ئەمەش هۆکار بوو بۆ تووشبونیان بە چەندین نەخۆشیی، هەروەها خراپیی شوێنی نیشتەجێبوون و پیسیی و دواکەوتوویی خەڵک بەهۆی نزمی ئاستی هۆشیارییان ببوە هۆی پاك ڕانەگرتنی شوێنەکانیان و هۆکارێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان بوو.

## تەوەری دووەم: پزیشك و کارمەندانی تەندروستیی

یەکێک لە کێشە گرنگەکانی بەردەم وەزارەتی تەندروستیی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، کەمیی پزیشک و دەرمانساز و پەرستار و مامان بووە، بۆیە سوودیان لە پزیشکی ئینگلیز، هیندیی و سوریی وەرگرت. پزیشکەکان ئامادەنەبوون بۆ کارکردن دوور لە شارە گەورەکان بن، هەر بۆیە زۆربەی پزیشکەکان لە بەغدا و بەسرە و موسڵ کۆببوونەوە، تەنانەت لە هەندێک شاری وەک هەولێر، سلێمانی و نەجەف پزیشک نەبوو(عقراوي، 1936، ص163). بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان لە ساڵی 1929، (99) پزیشک لە خزمەت وەزارەتی تەندروستییدا بوون و(28) پزیشکیش لە خزمەت سوپای عێراقدا بوون، (62)ی دیکەش تایبەت بوون، کۆی گشتی پزیشکانی فەرمیی و تایبەتیی لە عێراق بەبێ پزیشکی سوپا (161) بووە و (106)یان لە موسڵ و بەغدا و بەسرە بوون (عقراوي، 1936، ص164؛ الرباتي، 2004، ص74).

سەبارەت بە لیوای هەولێریش، سەبری محەمەد قەبانی و فایەق نەحاس دوو پزیشکی سوریی بوون، یەکەمیان لە هەولێر و دووەمیشیان لە کۆیە دامەزرابوون، هەردوو پزیشک لە ساڵانی(1926-1927) گەڕانەوە سوریا، لە ساڵی(1926) دکتۆرێك بەناوی ریاز، کە خەڵکی حەلەب بوو، لە کۆیە پزیشک بوو، پاشان کەسێکی دیکە بەناوی سەلام، کە خەڵکی شام بوو لە کۆیە دامەزرا، ئەوکات سەلیم نەحاس بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی هەولێر بوو (محەمەد، 2009، ل155-156).

بە شێوەیەکی گشتی ئەو پزیشکانەی لە ماوەی نێوان ساڵانی(1930-1940) لە شاری هەولێر خزمەتیان کردووە، ئەمانەن بوون: بەشیر مەرسام و ڕەشید زەکەریا، سەلیم نەحاس، هاشم شەریف دۆغرەمەچی، عوسمان ئەحمەد تەها، خالد دزەیی، حیکمەت حەکیم، عومەر دزەیی، محەمەد ئەحمەد سلێمان، محەمەد ضیاء شەریف، یەحیا مەلا ئەمین بەقال، محەمەد شێخۆ، تەحسین نورەدین، مەردان عەلی، ئاکۆب نیشان میناسیان، جێرم ئاروس، ئەلبەکری، سەلام خەسرۆ، بۆغۆس بۆغۆسیان، داود مەتلوب، سەفا موسلی، نەجیب

عەبدولنوور، خدر فندكلی، فازل ضیاء. هەروەها لە بواری پزیشكی ددان لە شاری هەولێردا سلێمان نەصرانی خەڵكی موسڵ بوو، پاشان حاجی خەلیل لەتیف(خەلیل دیشچی)، دەرچووی پەیمانگای پزیشكی ددان بەغدا و خەڵكی هەولێر بوو، لەم بوارەدا كاریدەكرد (يارالي، 2009، ص 19)، شایەنی باسە ژمارەی دانیشتووانی لیوای هەولێر لە ساڵی(1935)دا (169) هەزار كەس بووە، ژمارەی دانیشتووانی عێراق(3،352،000) كەس بووە، لەو كاتەدا تەنها پێنج پزیشك لە هەولێر كاریاندەكرد، كە ئەمانە بوون: سەلیم خەیات، بەشیر سەرسام، سەبری محەمەد قەبانی، ڕەشید زەكەریا و سەلیم نەحاس (الرباتي، 2004، ص103)، ساڵی 1936، بۆتە(6) پزیشك (مستەفا، 2017، ل269).

هەروەها لە سەرژمێری ساڵی1947دا كەرتی تەندروستی ژمارەی كارمەندانی لیوای هەولێر(پزیشك، دەرمانخانە، فەرمانبەر)بەیەكەوە دانراوە، بەم شێوەیە: (المملكة العراقية، 1954، ص 211، 224، 234، 244، 260).

| ڕەگەز | قەزای ناوەند و شەقڵاوە | مەخمور | رواندز | كۆیە | ڕانیە |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 31 | 18 | 12 | 4 | 16 |
| مێ | 17 | 2 | 2 | 5 | - |

ئەگەر سەیری ناوەندی شار بكەین (قەزای ناوەند و شەقڵاوە پێكەوە دانراوە)، دەبینین ژمارەی ئافرەت بەراورد بە ناوچەكانی دەوروبەر زۆر زیاترە، تەنانەت لە هەندێ شوێندا هەر نەبووە. هەروەها ناحیەكانی وەكو (باڵەك، بارزان، مزوری باڵا) خزمەتگوزاریی تەندروستیی تەنها لە ناوەندی ناحیەكان هەبووە، تەنانەت قەزای زێبار هیچ دام و دەزگایەكی تەندروستی نەبووە.

جێگای ئاماژەیە ساڵی1955 یەكەم پزیشكی ژن بە ناوی ئینجێل ڕەسام گوازرایەوە بۆ هەولێر(الرباتي، 2004، ص103). زۆربەی پزیشكەكان لەو كاتەدا، پزیشكی سەربازیی بوون، بەیانیان لە حامیەی هەولێر دەوامیان كردووە و ئێوارانیش لە نۆرینگەكانی ناو بازاڕ نەخۆشیان چارەسەركردووە، تەنانەت خاوەن دەرمانخانەی (سەلاحەدین) ئەفسەر بووە بە پلەی موقەدەم، زۆربەی ئەو پزیشكانەش لە پێكهاتەی عەرەب بوون (شێخانی، بەرگی یەكەم، 2024، ل 315).

بە شێوەیەكی گشتی ژمارەی پزیشك لە لیوای هەولێر لە نێوان ساڵانی 1958-1947دا بەم شێوەیە بووە: (الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، 1954، ص53؛ الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، 1954 ص70؛ الهلالي، 1953، ص214-215؛ الهلالي، 1954، ص37).

| ساڵ | 1947 | 1948 | 1949 | 1950 | 1951 | 1952 | 1953 | 1954 | 1955 | 1956 | 1957 | 1958 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی پزیشك | 12 | 10 | 17 | 15 | 11 | 13 | 15 | 15 | 22 | 20 | 22 | 21 |

شایەنی باسە، بە پێی سەرژمێریی ساڵی1947 ژمارەی دانیشتوانی عێراق زیاتر لە (4)ملیۆن كەس بووە، لیوای هەولێر (239) هەزار كەس بووە، ساڵی1957 ژمارەی

دانیشتوانی عێراق(6) ملیۆن كەس بووە، لیوای هەولێر (273) هەزار كەس بووە (الرباتي، 2004، ص109-114).

وەكو پێشتر ئاماژەمان پێیدا، كردنەوەی كۆلێژی پزیشكیی لە عێراق ڕۆڵێكی گەورەی هەبوو لە بەرەوپێشبردنی كەرتی تەندروستیی، ژمارەیەكی زۆر فەرمانبەری پزیشكیی خۆماڵیی ئامادەكرد، بۆ خزمەتكردنی هاوڵاتیان، لەم نێوەندەشدا ژمارەیەك قوتابی شاری هەولێر لە ساڵانی پەنجاكاندا لە كۆلێژی پزیشكی دەرچوون و لە هەولێر نۆرینگەیان كردەوە و سەرپەرشتی نەخۆشخانەی كۆمارییان دەكرد. جگە لەوانە هەندێك پزیشكی سەربازیی هەبوون، كە حكومەت لەبەر كەمی ژمارەی پزیشك ڕێگەی دابوون نۆرینگە لە ناو شاردا بكەنەوە. سەرەڕای ئەوەش نۆرینگەی میللیی هەبوو، كە پزیشكی سەربازیی بوون و نەخۆشیان بە نرخێكی هەرزان چارەسەردەكرد. هەروەها ددانسازیش هەبوون وەكو: خەلیل دیشچی، كەمال دیشچی، هەروەها چەند پەرستارێكیش چارەسەری نەخۆشیان دەكرد وەكو: ئەحمەد تەبیب، ئیبۆ بەربەر، ساڵح موزەمید و حەسەن موزەمید (شێخانی، بەرگی دووەم، 2024، ل135).

بەناوبانگترین پزیشكانی ساڵانی(1970-1960) لە شاری هەولێر ئەمانە بوون: كەمال توتنچی، مستەفا نادر عالم، ئیحسان میرزا، عەبدولمەسیح جەمۆ، عبدالرحمن سلێمان، مزەفەر حوسەینی، تەڵعەت شەریف، عەبدولڕەزاق دەباغ، حەمەی جەزا، شیت محەمەد ئەمین، خورشید دزەیی، سەبور یوسف، ئیحسان نەقشبەندی، تاریق ئەنوەر، عادل حسین، عەبدولحەمید ئۆترەقچی، مەزهەر عەلی، محەمەد شێخۆ، عومەر دزەیی، دەشتی دزەیی، فەرهاد حەوێزی، سالح تۆفیق، دەخیل سەعید، سالار عەبدولرەحمان، حسین ئیسماعیل بەرزنجی. پزیشكە ئافرەتەكانیش ئەمانە بوون: ئومەییە مەحمود، عەتییە محەمەد سەعید، سوعاد ڕەفیق، نەزاهەت شاكر(شێخانی، بەرگی دووەم، 2024، ل135173174؛ خدری وێنەگر، 2024، ل270-275).

لە ساڵانی 1960-1971ژمارەی پزیشكی گشتی و پزیشكی ددان لە عێراق بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: (وزارة التخطيط، 1973، ص 21 و 24).

| ساڵ | 1960 | 1962 | 1964 | 1965 | 1968 | 1969 | 1970 | 1971 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پزیشکی گشتیی | 1643 | 1889 | 1775 | 1738 | 2113 | 2424 | 2908 | 3167 |
| پزیشکی ددان | 195 | 250 | 248 | 271 | 296 | 309 | 356 | 426 |

لە لیوای هەولێریشدا، ژمارەی پزیشک لە نێوان ساڵانی 1960-1975 دا بەم شێوەیە بووە: (الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، 1962، ص 363؛ الحكومة العراقية، وزارة التخطيط، 1968 ص 423؛ الحكومة العراقية، وزارة التخطيط، 1971، ص45-69-534؛ وزارة البلديات، التصميم الاساسي لمدينة اربيل لغاية عام (2000)، ص11؛ محەممەد، 2017، پاشکۆی ژمارە(18)):

| ساڵ | 1960 | 1965 | 1967 | 1970 | 1975 |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی پزیشك | 33 | 21 | 39 | 61 | 55 |

ژمارەی پزیشکان لە نێوان ساڵەکاندا گۆڕانکاری کەمی بەسەردا هاتووە، ئەوەی جێگای ئاماژەیە ساڵی 1970 ژمارەکەی زۆر زیادیکردووە، ئەمەش پەیوەندی بەو بارودۆخە ئاشتییەی نێوان جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد و حکومەتی عێراقەوە هەبوو، بەڵام ساڵی 1975 ژمارەکە کەم دەکات بە هۆی بارودۆخی شەڕ و ناسەقامگیریی سیاسی لە کوردستاندا.

سەبارەت بە پەرستاران، لەبەر کەلتووری پارێزبەندیی ئەوکاتی کوردستان، سەرەتا زۆربەیان مەسیحیی بوون، کە لە بەغدا، موسڵ و کەرکوك دەهێنران، پاشان پەرستارە مەسیحییەکانی عەنکاوە دواتر هی شەقڵاوە و کۆیەش دامەزران، کە دەرچووی خولی پەرستاریی بوون (اربيل، 1968، ص102).

### تەوەری سێیەم: نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان

بەردی بناغەی یەکەمین نەخۆشخانەی هەولێر لە ساڵی 1924 دانرا، کە کەوتبووە سەر شەقامی هەولێر-موسڵ، کاتێك شا فەیسەڵی یەکەم سەردانی شارەکەی کرد لە ساڵی 1929 کرایەوە (ديرهاكوبيان، 1981، ص194؛ الرباتي، 2004، ص120؛ يارالي، 2009، ص19). نەخۆشخانەکە ناوی نەخۆشخانەی پاشایەتیی بوو. لە چوار قاوش پێکدەهات، کە چوار پزیشك و چەند کارمەندێك بەڕێوەیان دەبرد، دەرمانخانە و ژوورێکی نەشتەرگەریی و قاوشی ژنان و پیاوانی هەبوو، پزیشکەکان ئەمانە بوون: سەلیم نەحاس (سەرۆکی تەندروستی)، سالم خەسرەو، داود مەتلوب و روفایە حەنا شابۆ (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم شێخ عەلی، هەولێر، 2025/7/8)، ساڵی 1949 بۆتە (3) و ساڵی 1950 بووە بە (4) نەخۆشخانە (الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، 1952، ص30). زیادبوونی ژمارەی نەخۆشخانەکان ئاماژەیە بۆ کردنەوەی نەخۆشخانە لە قەزاکانی سەر بە هەولێر وەکو کۆیە، رواندز، رانیە، ساڵی 1952 نەخۆشخانەکانی (پاشایەتی، سینگ، تـــا، کۆیە، ڕەواندز، ڕانیە) لە لیوای هەولێر هەبوون (هیوا، ژمارە(9)، 1958، ل6).

ساڵی 1953 بە بۆنەی تاج لە سەرنانی شا فەیسەڵی دووەم، ئاغا و پیاوماقوڵ و دەوڵەمەندانی هەولێر وەکو(خدر ئەحمەد پاشا، حاجی مەحمود عەلاف، بایز ئاغا جەمیل ئاغا، ئیبراهیم ئاغا ئەمین ئاغا، نافع ئاغا حاجی رەشید ئاغا، قادر ئاغا حاجی ئەحمەد ئاغا، عەلی مەحمود ئاغا کاکەخان، حاجی جوکل ئاغا، عەلی ئاغا حاجی ئەحمەد ئاغا، قادر ئاغا ئەحمەد پاشا، ئەحمەد چەلەبی، عطاء الله ئاغا رەشید ئاغا، ئەحمەد حەمەدەمین ئاغا دزەیی، حاجی جەمیل حاجی سادق، شەریف حاجی محەمەد جامباز، ئیسماعیل ئاغا عەلی ئاغا، عەلی ئاغا خورشید ئاغا، سلێمان رەسول ئاغا هەرکی، ئیبراهیم ئاغا سەرگەران ... هتد)، بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵ پارەیان تەرخانکرد (رۆژنامەی هەولێر، ژمارە(113)، 31ی ئازاری 1953؛ ژمارە(115)،15ی نیسانی 1953؛ ژمارە(116)، 21ی نیسانی 1953). بەهۆی نەبوونی نەخۆشخانەی تایبەت و ئەنجامدانی کاری مامانیی لە ماڵاندا، کە بە شێوەیەکی سەرەتایی و دوور لە زانستی سەردەم ژنان لە ماڵان منداڵیان دەبوو، ئەمەش مەترسی لەسەر تەندروستی منداڵەکە و دایکەکە دروست دەکرد.

پاشان نەخۆشخانەی کۆماریی بە شێوازی ئەوکاتی بینایەی ئینگلیزی لە دوای شۆرشی14 تەمموزی 1958 دروستکرا، لە 15ی مایسی 1959 کرایەوە، کە پێکهاتبوو لە: نۆرینگەی دەرەکیی، بوژانەوە، تاقیگە، تیشك، بەشی هەناو، دەروونیی، پزیشکی دادیی و دوو ژووری نەشتەرگەریی (گۆڤاری هەتاو، ژمارە(154)، 1959، ل25؛ اربيل، 1968، ص102-103).

لە شەقڵاوەش، ساڵی 1958 حکومەت نەخۆشخانەیەکی گەورەی بنیادنا، بەو پێیەی شوێنێکی گەشتیارییە بە تایبەت لە هاویناندا خەڵك رووی تێدەکەن (گۆڤاری هیوا، ژمارە(8)، 1958، ل6)، هەر لەو ساڵەدا لە شاری هەولێر نەخۆشخانەیەکی (50) قەرەوێڵەیی تایبەت بە منداڵان کراوەتەوە، بەم جۆرە لیوای هەولێر پێنج نەخۆشخانە و (150) قەرەوێڵەی هەبووە (الجمهورية العراقية، وزارة الاقتصاد 1959، ص 329). بەڵام لە ساڵانی (1970-1960) بەم شێوەیە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە: (الحكومة العراقية، وزارة التخطيط 1962، ص361؛ الحكومة العراقية، وزارة الصحة، 1963، ص؛ الحكومة العراقية، وزارة التخطيط 1967، ص424؛ الحكومة العراقية، وزارة التخطيط 1968، ص420؛ وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، 1973، ص19-16؛ وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، 1971، ص14؛ محەمەد، 2017، پاشکۆی ژمارە(45)):

| ساڵ | ژمارەی نەخۆشخانە | ژمارەی قەرەوێڵە | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی کەس بۆ هەر قەرەوێڵەیەك |
|---|---|---|---|---|
| 1960 | 5 | 419 | 281367 | 672 |
| 1961 | 5 | 434 | 277939 | 635 |
| 1962 | 6 | 484 | 283012 | 585 |
| 1965 | 7 | 653 | 305540 | 552 |
| 1966 | 8 | 723 | 360285 | 498 |
| 1967 | 8 | 723 | 314246 | 435 |
| 1968 | 8 | 732 | 366274 | 534 |
| 1969 | 8 | 857 | 401535 | 471 |
| 1970 | 7 | 802 | 356293 | 437 |

نەخۆشخانەی سنگ سەرەتا کە کرایەوە بیست و چوار قەرەوێڵەیی بوو، بەڵام بە هۆی پێویستیی زیاتری خەڵکی شارەکە ساڵی 1964 بۆ سەد قەرەوێڵە زیادکرا، ساڵی 1966 یەکێک بوو لە نەخۆشخانە ئاست بەرزەکانی عێراق، لە ماوەی ساڵانی(1966-1965) بە هۆی زۆری نەخۆش و زیادبوونی پێویستیی، بەشی سێیەمی نەخۆشخانەی سینگ لەسەر ڕێگای شەقڵاوە دەست بە دروستکردنی کراوە(اربیل، 1968، ص103-104).

لە ئەنجامی دانوستانەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد و حکومەتی عێراق، ساڵی 1967 وەزارەتی کاروباری باکور بە یاسای ژمارە (26) بۆ گرنگیدان بە کوردستان دامەزرا، ئەوەی جێگای ئاماژەیە کە ئەم وەزارەتە، یاسای تایبەت بە خۆی و بودجەی سەربەخۆی هەبوو، بۆ پێشخستنی ئەم ناوچەیە کاری کردووە (الوقائع العراقية، العدد(1445)، 1967/7/31، ص19). وەزارەتی کاروباری باکور و بە یارمەتی وەزارەتی شارەوانی ساڵی(1970-1967) لە بواری تەندروستیی ئەم پرۆژانەی لە لیوای هەولێردا ئەنجامدابوو: دامەزراندنی نەخۆشخانەی نەخۆشییەکانی سینگ، دامەزراندنی کۆگای تەندروستیی، فراوانکردنی نەخۆشخانەی رواندز، دروستکردنی(9) بنکەی تەندروستیی (الدليمي، 2024، ص390-392)، بەم جۆرە ژمارەی نەخۆشخانە لە هەولێر ساڵی1969 (8) نەخۆشخانە بووە (الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط(1972)، ص12)، ساڵی 1972 لە قەزای چۆمان نەخۆشخانەیەك بە بڕی (50) هەزار دینار بنیادنرا (الجمهورية، العدد(1363)، 19/ 4 / 1972).

هەوڵەکانی سەرۆکایەتی تەندروستیی هەولێر بە تایبەت هەردوو پزیشک محەمەد زیوەر(1970-1965)و عەبدولرەزاق دەباغ(1974-1971)، کە سەرۆکی ئەم دامەزراوەیە بوون، ژمارەیەک نەخۆشخانەیان فروان و نۆژەنکردنەوە، وەکو:

1- فراوانکردن و نوێکردنەوەی نەخۆشخانەی کۆیە، لە ساڵانی.(1970-1971)
2- ئاوەدانکردنەوەی نەخۆشخانەی شەقڵاوە و ڕانیە، لە ساڵی (1970-1971).
3- دامەزراندنی قوتابخانەیەک بۆ پەرستاران لە هەولێر، لە ساڵی 1972.
4- دابینکردنی ئامێری(CTS) و ئامێرە پزیشکییەکانی تر بۆ نەخۆشخانەی کۆماریی لە ساڵی 1973 (الرباتي، 2004، ص129).

سەبارەت بە بنکەی تەندروستییش، ساڵی 1943 لە لیوای هەولێردا (20) بنکەی تەندروستیی هەبووە (6) پلە یەک، (2) پلە دوو، (12) پلە سێ (العلوجي، 1967، ص 203)، پاشان لە ساڵی 1952 ژمارەیان زیادبووە بۆ (28) بنکە بەم شێوەیە:

ناوەندی شار: بنکەی تەندروستیی نەخۆشییەکانی (سینگ، هەولێر، قەڵا، قوتابیان)

سەبارەت بە قەزاکانیش بەم جۆرە بووە:

شەقڵاوە: بنکەی تەندروستی شەقڵاوە، هەریر، مەسیف (سەڵاحەدین)، خۆشناو(هیران)و سیساوە.

مەخمور: بنکەی تەندروستی مەخمور، گوێر، کەندیناوە، عەوێنە، عەنکاوە و قورشاغڵو.

ڕەواندز: بنکەی تەندروستی دیانا، رایات، برادۆست، گەڵاڵە، هەرتەل و ڕۆستێ.

زێبار: بنکەی تەندروستی زێبار، ئەرگوش، مێرگەسۆر و شێروان مەزن.

کۆیە: بنکەی تەندروستی کۆیە، تەق تەق (دفتر و عبدالله، 1958، ص 536).

بنکەی تەندروستی سێ جۆر بوون (رشيد، 2007، ص146) :

پلە یەک: لەلایەن پزیشکێکەوە بەڕێوەدەبران و زۆربەیان لە سەنتەری شارەکان بوون.

پلە دوو: لەلایەن کارمەندێکی تەندروستییەوە بەڕێوەدەبران و دەکەوتنە ناوەندی قەزا و ناحیەکان.

پلە سێ: لەلایەن پەرستارەوە بەڕێوەدەبران و دەکەوتنە دەوروبەر و گوندە گەورەکان.

له ساڵی 1956 لەلایەن ئەنجومەنی دامەزراندن، بنکەی تەندروستی پلە سێ لە بەحرکە، بارزان، دیانا، ئەرگوش کرایەوە (گۆڤاری هەتاو، ژمارە(22)، 1955، ل23؛ الرباتي، 2004، ص120).

وەزارەتی تەندروستیی لە ساڵی 1963 دا بڕیاری کردنەوەی چەند بنکەیەکی پلە دووی لە مەخموور داوە، خانوو بۆ بنکە لە لایەن موختاری گوندەکان پێشکەشکران، بنکەی تەندروستی کوجیلان، تەل ریم، سەلاحیە و عەنکاوە، هەروەها بنکەی تەندروستی لە گوندەکانی شورە زەرتکە لە ناحیەی کەندێناوە، کوشاف لە ناحیەی گوێر، گردگرای لە ناحیەی قەراج کرانەوە، کە باڵەخانەکانیان لەسەر ئەرکی کارگێڕیی ناوخۆیی لیوا دروستکران (هەولێر، ژمارە(70)، 1963/3/16). لە ساڵی1963 سەرۆکایەتی تەندروستیی هەولێر بنکەیەکی لە گوندی گردعازەبان کردەوە (هەولێر ژمارە(64)، 1963/1/2). پاشان ژمارەیەك بنكەی دیكە لە لیوای هەولێردا دروستکران.

بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی بنکەی تەندروستیی لە لیوای هەولێر لە نێوان ساڵانی (1957-1955)دا بەم شێوەیە بووە: (الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد، 1958، ص324؛ گۆڤاری هەتاو، ژمارە (22)، 1955، ل23):

| ساڵ | ژمارەی بنکەی تەندروستیی | | |
|---|---|---|---|
| | پلە یەك | پلە دوو | پلە سێ |
| 1955 | 9 | 7 | 12 |
| 1956 | 7 | 9 | 13 |
| 1957 | 8 | 22 | - |

ئەگەر سەیری ئەم خشتەیەی سەرەوە بکەین دەبینین لە کۆتایی سەردەمی پاشایەتی تا ڕادەیەك ژمارەی دام و دەزگای تەندروستیی زیاد دەکات، ئەمەش بۆ دامەزراندنەوەی وەزارەتی تەندروستیی و زیادبوونی بودجەی تایبەتی وەزارەت دەگەڕێتەوە.

ساڵی 1957 هیچ بنکەی تەندروستیی پلە سێ لە لیوای هەولێر نەمابوو، هەموویان گەیشتبوونە پلە دوو، کەچی لە ساڵی1943 (12) بنکەی پلە سێی هەبووە .

ساڵی1969 ژمارەی بنکەکان گەیشتە (51) بنکەی تەندروستی، هەروەها جگە لەوانە (6) بنکەی تەندروستیی فریاکەوتن(اسعاف) هەبووە (الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، 1973، ص12)، ساڵی 1970 بە دواوە ئەم بنکە تەندروستییانەش کرانەوە: بنکەی تەندروستی ئەفسەران لە هەولێر، کۆڕێ لە ناحیەی سەلاحەدین، پەلکانە، میرە، گۆزەپانکە، عەبدوللا کوجان، ئیفراز، هەنجیرۆک، بێستانە، عەوێنە لە قەزای مەخمور، خۆشکان و چۆمان لە قەزای چۆمان (الجمهورية العراقية، وزارة الصحة، 1970، ص18؛ الجمهورية العراقية، وزارة الصحة، 1970، ص64؛ الجمهورية، العدد (1337)، 1972/3/22؛ الرباتي، 2004، ص129).

هەر لە ساڵی 1970دا چەند بەشێکی جیاجیای تەندروستیی کرانەوە، لەوانە: لە ناو شاری هەولێر خانوویەک بۆ تەندروستیی قوتابیان بەکرێگیرابوو پێیاندەگوت(صحة الطلاب)، پزیشکێکی بەناوی (محەمەد سەعید بەکر)ی هەبوو، کارمەندەکانیش خدر وادی، ئەمیرە ڕەئوف و سەلمان خەزرەجی بوون. خانوویەکی دیکەشیان بەکرێگرتبوو بۆ هەندێک نەخۆشیی تایبەتی وەک: خوریکە، هەروەها خانوویەکی دیکەشیان لە گەڕەکی عەرەبان بەکرێگرتبوو بۆ بنکەی تەندروستیی پۆلیس، پزیشکێک بە ناوی جەرجیس جەرمانوس کاری تێدا دەکرد، دواتر پزیشکیکی دیکە هات بە ناوی تەحسین نورەدین ئاغا، شەوقی جەمیل یاریدەدەری پزیشکی بوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم شێخ عەلی، هەولێر، 2025/7/8).

ژمارەی بنکە تەندروستییەکان لە لیوای هەولێر لە نێوان ساڵانی (1971-1960) بەم جۆیە: (الحكومة العراقية، وزارة التخطيط، 1968، ص423؛ الحمهورية العراقية، وزارة التخطيط، 1973، ص16-19):

| ساڵ | 1960 | 1962 | 1964 | 1965 | 1966 | 1967 | 1968 | 1969 | 1970 | 1971 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بنکەی تەندروستی | 35 | 43 | 36 | 34 | 43 | 46 | 51 | 51 | 49 | 63 |

ئەگەر سەیری ئەم خشتەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین لە ساڵی 1960، (35) بنکەی تەندروستیی لە لیوای هەولێردا هەبووە، تا ساڵی 1969 گەیشتۆتە (51)، واتە لە ماوەی (9) ساڵدا (16) بنکە زیادیان کردووە، بەڵام لە ساڵی 1970دا (49) بنکە هەبووە و ساڵی 1971 ژمارەکە گەیشتۆتە (63)، واتە تەنها لە ماوەی یەك ساڵدا (14) بنکە زیادیان کردووە، دەتوانین بڵێین ئەو پەرەسەندنە خێرایەش بۆ ئەو سەقامگیرییە سیاسیی و ئاشتییە دەگەڕێتەوە کە دوای سەرکەوتنی گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عێراق کە ئەنجامەکەی بەیاننامەی 11 ی ئادار بوو(سەبارەت بەم بەیاننامەیە بڕوانە: الجمهورية العراقية، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة 1968-1977، المجلد الاول، 1979، ص281-283)، هاتە کایەوە، بێگومان ئەو سەقامگیرییەش زەمینەخۆشکەربووە، بۆ پێشکەشکردنی خزمەت زیاتر بە شارەکانی کوردستان، کە پێشووتر بەتایبەت بە هۆی شەڕی نێوان کورد و حکومەتی عێراق لە ماوەی سالانی 1961-1970دا، بە شێوەیەك خزمەتگوزارییەکانی حکومەت لە کوردستان کەم بوون.

سەرەڕای نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان محەمەد حەسەن سەلمان وەزیری تەندروستی (1955-1954) (الحسني، 1988، ص26)، ساڵی 1954 بنکەی تەندروستیی گەڕۆک(مستوصف سيارة)ی دامەزراند، بۆ خزمەتکردنی

ئەو گوند و ناوچە گوندنشینانەی کە بەهۆی دووریيان لە شارەوە بە زەحمەت خزمەتگوزاریی تەندروستییان پێدەگەیشت(حريس، 2022، ص340)، مانگی جارێک سەردانی گوندەکانیان دەکرد، چونکە چالاکییە تەندروستییەکانی حکومەت زیاتر لە شارەکاندا بوون(العلوجي، 1967، ص 181). ساڵی ١٩٥٧ لە عێراق (٣٥) بنکەی گەڕۆک هەبوون، دوو بنکەیان لە هەولێر بوون (رشيد، 2007، ص148). عبدالرحمن هلالی کە پزیشك بوو کاری تێدادەکرد، شوفێر و بەردەستی هەبوو ڕۆژانە لە هەولێر دەردەچوو بۆ دەوروبەر، چەند گوندێکی دەکرد، چارەسەری نەخۆشیی دەکرد، زیاتر کاری لە ناوچەکانی مەخمور و قەراج و تەق تەق بوو، چونکە لەو شوێنانەدا کۆبونەوەی ئاو و دروستبوونی گۆم و بڵاوبونەوەی مێش و مەگەز هۆکاری سەرەکی بوون بۆ خێرا بڵاوبونەوەی نەخۆشیی، عەباس هیلالی و قادر پەڕۆ دوو شوفێری بنکەی گەڕۆکی هەولێر بووینە سەردانی گوندەکانیان دەکرد، دوو شۆفێری دیکەش هەبوون بەناوەکانی حاجی عەباس و سەیدۆک، شوفێری فریاگوزاریی بوون، نەخۆشییان دەگواستەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم شێخ عەلی، هەولێر، 2025/7/8؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر فەیسەل عارەب بڵباس، هەولێر، 2025/2/16). ئەم بنکەیە بە ئۆتۆمبێلی بچوك سەرەتا لەگەڵ کارمەند و برینپێچ لە گوندەکان و قوتابخانەکانی دەرەوەی شار دەگەڕان و خزمەتگوزاریی تەندروستییان پێشکەش دەکرد، دواتر پزیشك و کارمەندانی ئاست بەرزی بۆ دابینکرا (اربيل، 1968، ص106).

### تەوەری چوارەم: دەرمانخانەکان

سەبارەت بە دامەزراندنی دەرمانخانە لە هەولێر، بۆ یەکەم جار دەرمانخانەی (شیمال) لە ساڵی1937 دامەزرا، (سەرەتا بە ناوی ئەجزەخانە بوو کە بە مانای شوێنی دەرمان دێت، پاشان ناوەکەی کرا بە شیمال)، کەوتبووە شەقامی موزەفەرییە، بەرامبەر قەڵا، لەلایەن (پۆلص جۆرج)ی کلدانی بەڕێوەدەبرا، کە دەرچووی ساڵی (1936-1937)ی پەیمانگای دەرمانسازیی بوو لە کۆلێژی شاهانە لە بەغدا، تا کۆچی دوایی کرد لە ساڵی 1975دا لە کارەکەیدا مایەوە. دواتر دەرمانساز نوری ئەمین، کە دەرچووی ساڵی (1976-1975)ی زانکۆی پراگ بوو لە چیکۆسلۆڤاکیا، بەڕێوەیبرد. ساڵی1953 دەرمانخانەی(سەلاحەدین) لە لایەن واهان کریکۆر و ساڵی1965 دەرمانخانەی (هەولێر) لەلایەن عادل عەبدولنوور کرانەوە، پاشان خاوەندارێتییەکەی بۆ نزار شاکر محەمەد گوازرایەوە. هەروەها دەرمانخانەی (شیفا) لە ساڵی1967 لە لایەن عەباس یاسین عەباس کرایەوە(الرباتي، 2004، ص106؛ يارالي، 2009، ص 21).

ساڵی (1969) تەنها (4) دەرمانخانەی تایبەت لە لیوای هەولێر هەبووە، بەڕێژەی یەك دەرمانخانە بۆ هەر (100) هەزار کەس (وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء 1971، ص10). بەم جۆرە دەبینین ڕێژەی دەرمانخانەکان بەرامبەر بە دانیشتوان زۆر کەم بوون.

هەروەها دەرمانخانەی(نور) ساڵی 1972 لە لایەن نویل حەجاج موسڵی و دەرمانخانەی(نەریمان) ساڵی 1975 لە لایەن نەریمان عوسمان قوجە کرانەوە (الرباتي،2004، ص106؛شێخانی،بەرگیدووەم،2024،ل174). پاشان چەندین دەرمانخانەی دیکە لە شاری هەولێر کرانەوە، لەوانە: ئارام، الحضارة و الرازي، ئەم دەرمانخانانە ڕۆڵێکی دیاریان لە خزمەتگوزاریی تەندروستیدا هەبوو(يارالي،2009،ص 21).

سەبارەت بە یەکەمین دەرمانسازی خەڵکی هەولێر، کە بووە بە خاوەنی یەکەمین دەرمانخانە بەم شێوەیە بووە: یەکەم دەرمانساز لە هەولێر، نزار شاکر محەمەد قازی، ساڵی 1971 بووە خاوەنی دەرمانخانەی(اربيل)، دووەم دەرمانساز نەریمان عوسمان قوجە خاوەنی دەرمانخانەی (نەریمان)، سێیەم دەرمانساز ئەمیر شیت مستەفا کە لە ساڵی1973 دەرچووە، خاوەنی دەرمانخانەی(ئەمیر)، پاشان دەرمانساز ئارام زاهیر عەبدوڵڵا خاوەنی دەرمانخانەی(ئارام)، دوای ئەوانیش دەرمانساز سەباح نوری ئەمین (شێخانی، بەرگی یەکەم، 2024، ل174).

لە پاڵ دەرمانخانەکاندا، کۆمەڵەی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی سیل ساڵانی (1959-1960) بە سەرپەرشتی ڕەشاد نەجار و ئەندامێتی: یاسین نەجار(ئەندام)، ئیحسان میرزا(پزیشک)، پیرداود(ژمێریار)، کەریم شێخ عەلی (کارگێری)، بۆ نەهێشتنی نەخۆشی سیل دامەزرا، چالاکییەکانیشیان بریتی بوو لە دەرمان پێدان بە کەسانی تووشبوو بە نەخۆشی سیل، ئەو کەسانەی توانایان نەبوو دەرمان بکڕن، چارەسەری یەك مانگیان پێدەدرا (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم شێخ عەلی، هەولێر، 2025/7/8).

ئەو نەخۆشییانەی لە عێراق و کوردستان بڵاودەبوونەوە، زۆربەیان مەترسییان لەسەر ژیانی دانیشتووان دروستدەکرد، ژمارەیەکی بەرچاو نەخۆشیی لە عێراقدا بڵاوبوونەوە، وەک: (مەلاریا، بلهارزیا، ئێسقان، سیل، تراخوما، هتد..، کە پێویستییان بە چارەسەری درێژخایەن هەبوو(عقراوي، 1936، ص172).

لە ساڵانی (1923 و1927 و1931) نەخۆشی تاعون لە ئێرانەوە هات، بە زۆری لە وەرزی بەهاردا دەردەکەوت، کە وەرزی زاوزێی مێروولە بوو، بە خێرایی بڵاودەبۆوە کاتێک کەشوهەوا لەبار بووایە (عقراوي،1936،ص231). نەخۆشییەکانی ئەنگلۆستیما، سورێژە، تیفۆئید، دەردەکۆپان، لە سەردەمی پاشایەتیی تا ساڵی 1949 بڵاوبوونەوە، ڕێژەی توشبووان زۆرکەمبوو، هەر یەکەیان نەدەگەیشتە(10) توشبوو، دواتر بە تەواوی نەما (کاکەسور، 2009، ل141-142).

مەلاریا بە درێژایی سەردەمی پاشایەتیی و دواتریش، لە سەرووی لیستی نەخۆشییە بڵاوەکان بووە، هۆکار بووە بۆ مردنی زۆرترین کەس و کەمبوونەوەی لەدایکبوون و نەزۆکیی و لەبارچوون (رشيد، 2007، ص225). ڕێژەی توشبوون بەم نەخۆشییە ساڵی 1945 گەیشتە (24948) توشبوو، ساڵی 1950 ڕێژەکەی زیاد بوو بۆ (37350) توشبوو، بەڵام لە ساڵانی دواتر ڕێژەکەی کەمتر دەبێتەوە، ساڵی 1955 دەگاتە (15662) توشبوو، لە ساڵی 1957 حکومەتی عێراقی بە هاوکاری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشی مەلاریا بۆ ماوەی سێ

ساڵ لەسەر یەك هەڵمەتی بنبڕكردنی مەلاریای دەستپێكرد، بە ڕشاندنی هەموو شار و گوندەكان، ڕێژەی توشبووانی مەلاریا لە نێوان دووساڵ لە لیوای هەولێر گۆڕانكاری زۆری بەسەردا هات بۆ نموونە ساڵی 1956 ژمارەی توشبووانیی نەخۆشی مەلاریا (6126)كەس بوو، بەڵام لە ساڵی 1957 ڕێژەكەی كەمبۆتەوە بۆ (2746) توشبوو (رشيد، 2007، ص236-239). گۆڤاری هەتاو ساڵی 1957 بەم جۆرە باسی ناو هەولێر دەكات، **(زبڵی ناو كۆڵان، جۆگە ئاوی پیس، قوڕ و لیتەی زستان، زۆربەی كۆڵانەكان بچوك و تەسكن، هۆكاری زۆر نەخۆشین لە هەولێر)** (گۆڤاری هەتاو، ژمارە(104)، 1957، ل17).

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەكان و ڕێگریكردن لە بڵاوبونەوەیان، دەزگای نەخۆشییە نیشتەجێبووەكان لقێكی تایبەتی بۆ ناوچەی باكور لە شاری هەولێر دامەزراند، ستافێك كاریان دەكرد، بۆ بەرەنگاربونەوەی مەلاریا و مێرووە زیانبەخشەكان، لە ساڵی 1963دا كارەكانیان دوو ئەوەندە زیادیكرد، چالاكیشیان بریتی بوو لە: ڕشاندنی دەرمانی قڕكەر، دابەشكردنی دەرمانی مەلاریا بەسەر خەڵك و ڕشاندنی ئاوەڕۆ و حەوزەكان بە نەوتی ڕەش، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی مەلاریا لە شاری هەولێر بەتەواوی لەناوبچێت (اربيل، 1968، ص106).

هەروەها سیل یەكێك بوو لە مەترسیدارترین ئەو نەخۆشییانەی كە بە شێوەیەكی بەرچاو لە هەموو ناوچەكانی عێراقدا بڵاوببۆوە، لە ساڵی (1944)، كۆمەڵەی (دژە سیل) دامەزرا (الهلالي، 1953، ص 39)، تاكە ڕێگەش بۆ چارەسەر خۆپاراستن بوو ( میرزا، هەولێر، ژمارە(55)، 1962/10/24) چونكە لە ڕێگەی هەناسەدان دەچووە ناو سییەكان و دەگوازرایەوە (عقراوي، 1936، ص228)، كوتان ئامرازێكی گرنگبوو بۆ خۆپارێزیی، بەرگریی لەشی زیاد دەكرد (احمد، هەولێر، ژمارە (31)، 1962/4/7)، سیل هەرچەندە نەخۆشییەكی مەترسیدار بووە، بەڵام لە لیوای هەولێر ڕێژەی توشبووانیی زۆر نەبووە، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەكەوێت: (رشيد، 2007، ص258).

| ساڵ | 1945 | 1950 | 1955 | 1958 |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی توشبووان | 53 | 48 | 421 | 359 |

دەزگای تەندروستیی گرنگی بە ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەكان لە ناو قوتابیان لە قوتابخانەكاندا دەدا، لە پێناو پێگەیاندنی كەسانی تەندروست، بە تایبەت لە قوتابخانەكانی ناو شار و دەوروبەری، دژی نەخۆشیی ئاوڵە، تیفۆئید، سورێژە و كۆلێرا قوتابیان دەكوتران (اربيل، 1968، ص72). لە ساڵانی شەستەكان دەزگای تەندروستیی قوتابخانەكان لە بەردەم نەخۆشخانەدا تیشكی بۆ قوتابیان ئەنجام دەدا، بۆ دڵنیابوونەوە لە تووشنەبوون بە نەخۆشیی سیل، چونكە ئەوكات زۆر بڵاوبوو (چاوپێكەوتن لەگەڵ شێزراد شێخانی، هەولێر، 2024/8/13).

هەروەها نەخۆشیی تەراخوما بە ڕێژەیەكی زۆر لە لیوای هەولێر بڵاوبووە، بە هۆی نەبوونیی دەرمان و چارەسەری پێویست كاریگەریی زۆری لەسەر تەندروستی خەڵك هەبووە، ساڵی 1945 ژمارەی توشبووان گەیشتۆتە (1798) توشبوو، ساڵی 1950 گەیشتۆتە(12109) توشبوو، ساڵی 1958 ڕێژەكەی زۆر كەمی كردووە بۆ (3681) توشبوو(رشيد، 2007، ص258-264).

هەروەها نەخۆشی خوریكە(ئاوڵە)لە لیوای هەولێر هەبووە، لە ساڵی 1956 لە ناو گەڕەكەكانی شار و لە عەنكاوە بڵاوبۆتەوە (گۆڤاری هەتاو، ژمارە(104)، 1957، ل17)، قوربانیشی لێكەوتۆتەوە (تۆمابوا، 1979، 174)، بۆیە لە ساڵی 1961 وەزارەتی تەندروستی بڕیاریدا بە ناردنی لێژنەیەک بۆ هەولێر بە مەبەستی پێدانی ڕێنمایی و هۆشیاركردنەوە، هەروەها پێشەنگایەكی وێنەی تەندروستییان كردەوە، پزیشكەكان سیمینار و ڕێنماییان پێشكەشكرد، چەند فیلمێكی تەندروستی پێشكەش كراو و وەڵامی پرسیاری خەڵكیان سەبارەت بە نەخۆشییەكە دایەوە (هەولێر، ژمارە(4)، 1961/9/1).

هەر لەو ماوەیەدا نەخۆشیی سكچوون زۆر منداڵی لە ناوبردوە، بە تایبەتی ئەوانەی تەمەنیان نەگەیشتۆتە ساڵێك (گۆڤاری هیوا، ژمارە(2)، 1957، ل59). ژمارەی ئەو منداڵە ساوایانەی كە تەمەنیان ناگات بە ساڵێك و دەمرن لە وڵاتانی پێشكەوتوو نەدەگەیشتە 2%، بەڵام لە عێراق دەگەیشتە 40% (گۆڤاری هیوا، ژمارە(8)، 1958، ل46)، ئەوەش جیاوازییەكی زۆربوو، دواكەوتوویی عێراق لە كەرتی تەندروستییدا دەسەلمێنێت.

سەرۆكایەتی تەندروستیی شارەكان پرۆسەی كوتانی ئەنجامدەدا، هەڵمەتەكە هاوینان بوو، بۆ ماوەی مانگێک بەردەوام دەبوو، هەموو سنووری لیواكەی دەگرتەوە، ساڵی 1958 هەڵمەتی كوتان دژی نەخۆشی خوریكە دەستپێیكرد، چونكە ئەو كەسانەی تووشی دەبوون پێستیان كون كون دەبوو، لە ساڵانی(1963-1958) لە هەر شارێک بە مانگێک تەواو بوو، رووسیا سەرپەرشتی دەكرد، تەنانەت كارمەندی ڕووسییان لەگەڵ بووە، ئەوانەی كە لە هەولێر بەشدارییان كرد، دكتۆر ئاگووب نیشان، پیتەر عەجو، كەریم شێخ عەلی، عەدنان خورشید، عەدنان پترۆس، ئەحمەد قوشتەپە، حەسەن ئەمین زەنگەنە، ئەحمەد حەمەد جبرائیل، بەم شێوەیە خوریكە كۆتایی هات (چاوپێكەوتن لەگەڵ كەریم شێخ عەلی، هەولێر، 2025/7/8).

هەردوو سەرۆكایەتی تەندروستیی و شارەوانیی، ساڵی 1964 بە مەبەستی كۆنترۆڵكردنی مێشوولە لە شاری هەولێر، هەستان بە ڕشاندنی دەرمان لە گۆمەكان و شوێنە پیسەكان، شارەوانیی كاری ڕشاندنی قڕكەریان بۆ گۆمەكان دەكرد (الجمهورية العراق، وزارة الداخلية، امر اداري، رقم (8828)، 1964/10/25). ساڵی 1974 پارێزگای هەولێر داوای لەهەموو یەكە كارگێرییەكان كرد یارمەتیی و ئاسانكاریی بۆ كارمەندانی ڕشاندنی دەرمانی (ال.دی.تی) پێشكەش بكەن، بەمەبەستی سەركەوتنی پرۆسەكە و ڕشاندنی هەموو ناوچەكانی پارێزگا (وزارة الصحة، رئاسة الامراض المتوطنة للمنطقة الشمالية في اربيل،1974/7/16؛ محافظة اربيل، الى: قائمقامية اقضية كافة، 1974/7/23).

هەروەها ڕێگایەكی دیكە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی نەخۆشییەكان، دامەزراندنی ئەنجومەنی خۆپارێزیی تەندروستیی بوو لە ساڵی 1974دا، بە مەبەستی گرنگیدان بە خۆپارێزیی و هاوكاریی دەزگا كارگێڕیی و ڕێكخراوە پیشەیی و میللییەكان لەگەڵ دەزگای تەندروستیی، بۆ گەیشتن بە باشترین ئەنجام لە زووترین كاتدا، لە لێكۆڵینەوە لە كێشە تەندروستییەكان و دۆزینەوەی چارەسەر، باشتركردنی ژینگە، ڕێگریكردن لە پیسبوون، بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییە نیشتەجێبووەكان و كۆنترۆڵكردنی، پاراستنی خۆراك و باش هەڵگرتنی، چاودێریكردنی دایك، منداڵ، قوتابیان و پاراستنی تەندروستییان، بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیریی تەندروستیی لە ناو خەڵك. ئەنجومەن دەبووایە مانگی جارێك بە لایەنی كەم بە شێوەی خولیی بڕیار و ڕاسپاردەی پێویست دەربكات و وەزارەتی تەندروستیی ئاگاداربكاتەوە، ئەنجومەنەكە لە پارێزگار و نوێنەری حزبی بەعس و بەرپرسانی كارگێڕیی و ئەمن و قوتابیان و كرێكاران و ئافرەتان پێكهاتبوو (الجمهورية العراقية، وزارة الصحة، الرقم(9024)، 1974/8/13؛ محافظة اربيل، الى: رئاسة الصحة، الرقم(13250/19)، 1974/9/2؛ وزارة الداخلية، مديرية الشؤون الادارية، الرقم(17453)، 1974/9/30).

سەرەڕای گرنگیدان بە لایەنی تەندروستییی مرۆڤ، بەهەمان شێوە حكومەت گرنگی زۆریشی بە لایەنی پاكوخاوێنی و تەندروستیی ئاژەڵیش داوە، چونكە هەولێر دەوڵەمەندبووە بە ئاژەڵی ماڵیی، بۆیە پێویستی بە چاودێریی زۆر و بەردەوام هەبووە، پزیشكی ڤێتیرنەریی بەردەوام هەوڵیانداوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییە جۆراوجۆرەكان و پێشكەشكردنی خزمەتی پێویست بە مەبەستی گەشەكردنی ئەم سامانە نیشتیمانییە، گەڕانی كارمەندانی ڤێتیرنەری بە هەموو ئەو ناوچانەدا، كە نەخۆشیی جۆراوجۆری ئاژەڵیی تێدا سەریهەڵدا بوو (هەولێر، ژمارە(6) 1961/9/26. ل56).

## ئەنجامەكان

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتین، كە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

1- ڕەوشی تەندروستیی لیوای هەولێر لە سەردەمی عوسمانیدا زۆر خراپ بوو، هیچ گرنگییەكی پێنەدەدرا، دوای دامەزراندنی شارەوانیی لە ساڵی 1885، دوو ژوور بۆ نەخۆشخانە دیاریكرابوو، بەڵام هەموو كات پزیشكی نەبوو .
2- دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و وەزارەتی تەندروستیی، هەندێ گۆڕانكاری ڕوویدا، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی بارودۆخی تەندروستی خراپبوو، بە تایبەتی لە ناحیە و گوندە دوورەدەستەكاندا .
3- بەشێكی زۆری چارەسەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەلایەن كەسانی دەوڵەمەند و ناسراوی شار دابیندەكرا، بۆ نموونە لە ساڵی 1953 پارە بۆ كردنەوەی نەخۆشخانەی منداڵان كۆكرایەوە .
4- پزیشكی میللیی بە شێكی دیكەی چارەسەر بووە، هەر لە كۆنەوە خەڵك سودێكی زۆریان لێوەرگرتووە، بەشێكیشیان پەنایان بۆ پیاوانی ئاینیی بۆ چارەسەر دەبرد .
5- دامەزراندنی پەیمانگا و كۆلێژی پزیشكیی ڕۆڵێكی زۆریان هەبوو لە پێگەیاندنی پزیشك و كارمەندی تەندروستیی بۆ خزمەتكردن و پڕكردنەوەی پێویستیی وڵات لەم بوارەدا .
6- بودجەی تەندروستیی زۆر كەمبوو، بە بەراورد لەگەڵ وەزارەتەكانی دیكە بە تایبەت وەزارەتی بەرگریی .
7- پزیشك و نەخۆشخانە و بنكە تەندروستییەكان لە ئاست داواكاری و پێویستی خەڵك نەبوون، بەراورد بە ڕێژەی دانیشتوانی لیوا، بۆ نموونە ساڵی 1935 ژمارەی دانیشتوانی لیوا (169) هەزار كەس بووە، كەچی تەنها (6)پزیشكی هەبووە .
8- سەبارەت بە دەرمانخانە تا ساڵی 1975 تەنها چوار دەرمانخانە لە لیوای هەولێر هەبووە ئەوانیش تەنها لە ناوەندی شاربوون، بەڵام نەخۆشخانە و بنكە تەندروستییەكانی سەر بە وەزارەتی تەندروستیی دەرمانخانەی تایبەت بە خۆیان هەبوو .
9- ڕووداوە سیاسیی و سەربازییەكان وای دەكرد خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان كەم ببنەوە، بە تایبەتی داخستنی بنكەی تەندروستیی و دوركەوتنەوەی پزیشك لە كاتی شەڕ و ئاڵۆزییەكاندا.
10- زۆرترین ئەو نەخۆشییانەی كە بڵاوبوونەتەوە بە هۆی ناشارەزایی و نەبوونی پاك و خاوێنی بووە، بە تایبەت لە شارەكان بوونی گۆمی ئاو و زبڵ و خاشاك لەناو كۆڵانەكان .
11- نەخۆشییەكانی مەلاریا، سیل، تەراخوما، لە مەترسیدارترین نەخۆشییە بڵاوەكان بوون، كە خەڵكی زۆر توشی دەبوو ماوەیەكی زۆریشی بۆ چاكبوونەوە دەویست، ژمارەیەكی زۆریش بەهۆی نەخۆشییەكان مردوون.

## لیستی سەرچاوەكان

**1/ ساڵنامەی عوسمانی:**

سالنامة، موصل ویلایتی، (1325)هـ، موصل، مطبعة سنده.

**2/ بەڵگەنامە بڵاونەكراوەكان:**

الجمهورية العراق، وزارة الداخلية، لواء اربيل، التحرير، امر اداري، رقم (8828)، 25 / 10 / 1964.

وزارة الصحة، رئاسة الامراض المتوطنة للمنطقة الشمالية في اربيل، الى: محافظة اربيل، م: ابداء المساعدة، العدد (515)، 1974/7/16.

محافظة اربيل، الى: قائمقامية اقضية كافة، م: ابداء المساعدة، الرقم (10625)، 1974/7/23.

الجمهورية العراقية، وزارة الصحة، مديرية الوقاية الصحة العامة، الى:رئاسة الصحة في المحافظات كافة، م:المجالس الصحية الوقائية، الرقم(9024)، 1974/8/13

محافظة اربيل، الى: رئاسة الصحة في المحافظة، م: المجالس الصحية الوقائية، الرقم(13250/19)، 1974/9/2.

وزارة الداخلية، مديرية الشؤون الادارية، الى: المحافظات كافة، م:المجالس الصحية الوقائية، الرقم(17453)، 1974/9/30.

الجمهورية العراقية، وزاره الصحة، الى: محافظات القطر كافة، م: تشكيل مجلس تخطيط، م: تشكيل مجلس التخطيط، رقم(49266)، في 1974/11/20.

الجمهورية العراقية، محافظة اربيل، الى مديرية التحرير، الرقم(20537/19)، في 1974/12/7 .

وزارة الصحة، رئاسة صحة محافظة اربيل، الى: محافظة اربي ل،م: المؤشرات التقريبية لتخطيط شبكة المؤسسات الصحية في المحافظة،رقم(11457)،في1974/12/21.

**3/ بڵاوكراوە حكومییەكان:**

الجمهورية العراقية، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة 1968-1977، المجلد الاول، مطبعة العاني، بغداد، 1979.

المملكة العراقية، وزاره الشؤون الاجتماعية(1954)، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، الجزء الثاني، لواء اربيل، بغداد.

الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد(1952)، الدائيرة السنوية العامة لسنة 1950، جدول رقم(38)، مطبعة الحكومة، بغداد.

الحكومة العراقية، مجلس الاعمار (1952)، التقرير السنوي عن اعمال مجلس الاعمار لسنة 1951، مطبعة العاني، بغداد.

الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد (1945)، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1951، جدول رقم(49)، مطبعة الحكومة، بغداد.

الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد (1954)، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1952، جدول رقم(75)، مطبعة الزهراء، بغداد .

الحكومة العراقية، وزارة الاقتصاد (1958)، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1957، جدول رقم(272)، مطبعة الزهراء، بغداد.

الجمهورية العراقية، وزارة الاقتصاد (1959)، الدائرة الرئيسية للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1958، مطبعة الزهراء، بغداد .

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط(1962)، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1961، جدول رقم(265)، مطبعة الزهراء، بغداد.

الحكومة العراقية، وزارة الصحة(1963)، مديرية الاحصاء الحياتي والصحي 1959 و 1960، مطبعة الزهراء، بغداد.

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط(1967)، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1966، جدول رقم(281)، مطبعة الحكومة، بغداد.

الوقائع العراقية، العدد(1445)، 1967/7/31.

الحكومة العراقية، وزارة التخطيط (1968)، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1967، جدول رقم(280)، مطبعة الحكومة، بغداد.

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط(1968)، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1967، جدول رقم(271)، مطبعة الحكومة، بغداد.

الجمهورية العراقية، وزارة الصحة (1970)، منجزات وزارة الصحة في العام الثاني للثورة، مطبعة الجمهورية، بغداد.

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط(1971)، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة 1970، جداول المرقمة(317،23،15)، مطبعة الجمهورية، بغداد.

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط(1971)، الجهاز المركزي للاحصاء، الخدمات الصحية في العراق 1969، بغداد.

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط(1972)، الجهاز المركزي الاحصاء، الخدمات الصحية في العراق (1971-1969)، بغداد.

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط(1973)، الجهاز المركزي الاحصاء، تطور المستوى الصحي في العراق من سنة (1957-1968)، (1969-1971)، مطبعة الحكومة، بغداد.

الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط(1973)، الدائيرة التربوية والاجتماعية، قسم تخطيط الخدمات، بعض أسس و مؤشرات التخطيط الصحي في العراق.

وزارة البلديات، التصميم الاساس لمدينة اربيل لغاية عام (2000).

**4/ ڕۆژنامەكان:**

**أ/ بە زمانی كوردیی:**

ڕۆژنامەی هەولێر(ڕۆژنامەیەكی ئەدەبی ئەقافی هەفتەییە)، ساڵی یەكەم، ژمارە (29)، 30ی حوزەیرانی 1951.

ڕۆژنامەی هەولێر،ساڵی سێیەم،ژ(113)،31ی ئازاری1953.

ڕۆژنامەی هەولێر، ساڵی سێیەم، ژ(115)،15ی نیسانی1953.

ڕۆژنامەی هەولێر، ساڵی سێیەم، ژ(116)،21ی نیسانی1951.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(4)، 1961.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(6)، 1961.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(14)، 1961.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(43)، 1962.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(45)، 1962.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(70)، 1963.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(64)، 1963.

**ب/ بە زمانی عەرەبیی:**

الاتحاد الدستوري(لسان حزب الاتحاد الدستوري)، السنة الثانية، العدد(384)، 1951/7/16.

الجمهورية(جريدة يومية، سياسية)،العدد(783)، 1970/6/10.

الجمهورية، العدد(843)، 1970/8/20.

الجمهورية، العدد(1161)، 1971/8/28.

الجمهورية، العدد(1363)، 1972/4/19.

الجمهورية، العدد(1648)، 1973/3/10.

الجمهورية، العدد(1337)، 1972/3/22.

**5 /گۆڤارەكان:**

گۆڤاری هەتاو(گۆڤارێكی وێژەیی هەفتەیی كوردیە)، ساڵی یەكەم، ژمارە(19)، 1955.

گۆڤاری هەتاو، ساڵی یەكەم، ژمارە(22)، 1955 .

گۆڤاری هەتاو، ساڵی چوارەم، ژمارە(104)، 1957.

گۆڤاری هەتاو، ساڵی شەشەم، ژمارە(154)، 1959.

گۆڤاری هیوا(گۆڤارێكی ئەدەبی و زانستیە)، ساڵی یەكەم، ژمارە(8)، 1958.

گۆڤاری، هیوا، ساڵی یەكەم، ژمارە(2)، 1957.

گۆڤاری هیوا، ساڵی یەكەم، ژمارە(11)، 1958.

گۆڤاری هەولێر، ساڵی سێیەم، ژمارە(1)، 1972.

**6 /كتێبەكان**

**أ/ بە زمانی كوردیی :**

بەتاتۆ، حەنا (2021)، سەرۆك هۆزو جوتیار لە عێراق، وەرگێرانی: سدیق صالح، بنكەی بەڵگاندن و لێكۆڵینەوەی ژین، تاران.

تۆمابوا (1979)، ژیانی كوردەواری،وەرگێرانی: حمه سعید حمه كریم، سلێمانی.

چاوشلی، هادی رەشید (1987)، هەولێر لەگەڵ كاروانەی فەلەك، چاپی یەكەم، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد.

چیچۆ و قادر، تحسین و شێرزاد (1985)، هەولێر لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا(1885-1985)، مطبعة علاء، بغداد.

خواجە، ئەحمەد (2013)، چیم دی، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

خدری وێنەگر، نەبیل عریف (2024)، مێژووی كەسایەتی و كاسبكاران و پیشەوەرانی هەولێر، چاپخانەی: رۆژهەڵات، هەولێر.

عەبدوڵلا، فەرەیدون عەبدولڕەحیم (2005)، بارودۆخی سیاسی كوردستان-عێراق 11ی مارتی197011ی مارتی 1975، چاپخانەی منارە، هەولێر.

قادر، مەهدی محەمەد (2008)، هەولێر لە نێوان ساڵانی 1930-1914، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

محەمەد، مەسعود (2009)، گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم، سەنتەری لێكۆڵینەوەو پەخشی كۆیە.

مەزهەر، كەمال (2009)، كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەكانی حكومەتی بەریتانیادا، ئامادەكردنی: عەبدوڵلا زەنگەنە، شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان.

هاملتن، أ.م (2013)، رێگایەك بە كوردستاندا، وەرگێرانی: د. عەلی عەبدولرەحمان عەسكەری، خانەی موكریان، هەولێر.

هەروتی، سەعدی عوسمان(2023)، كوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا، چاپی دووەم، هەولێر.

هەی، دبلیۆ ئار(2010)، دوو ساڵ لە كوردستان، وەرگێرانی: لوقمان باپیر، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**ب/ بە زمانی عەرەبیی:**

باشا، سندرسن(1982)، مذكرات سندرسن باشا، ترجمة: سليم طه التكريتي، منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد.

الجاوشلي، هادي رشيد (1985)، تراث اربيل التاريخي، مطبعة جامعة الموصل، موصل .

جماعة من شباب اربيل (1968)، اربيل في أربعة أعوام 1964-1967، دار الجمهوريه، بغداد.

الحسني، عبدالرزاق (2013)، الحسني، العراق في دوري الاحتلال والانتداب، جلد الاول، دار الرافدين، بيروت.

الحسني، عبدالرزاق (1988)، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

الحسني، عبدالرزاق (1988)، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثامن، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

الحسني، عبدالرزاق (1988)، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء التاسع، الطبعة السابعة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

دفتر و عبدالله، محمد هادى و حسن، (1958)، العراق الشمالي، مطبوعات النهار .

ديرهاكوبيان، موسيس (1981)، حالة العراق الصحية في نصف القرن، بغداد.

الرباتي، ابراهيم طاهر معروف (2004)، معجم اطباء اربيل، مكتب التفسير، اربيل.

رسول، اسماعيل شكر (2005)، أربيل/ دراسة تأريخية في دورها الفكري والسياسي 1939-1958، مطبعة بينايي، السليمانيه.

العبيدي، سلام فواز(2010)، تطور الواقع الصحي والتنمية الاجتماعية والبيئية في محافظة دهوك(2009-1991)، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة دهوك، دهوك.

عقراوي، متى (1936)، العراق الحديث، ترجمة: مجيد خدورى، الجزء الاول، مطبعة العهدة، بغداد.

العلاف، عبد الكريم (1960)، بغداد القديمة، مطبعة المعارف، بغداد.

العلوجي، عبدالحميد (1967)، تأريخ الطب العراقي، مطبعة اسعد، بغداد.

الفكيكي، اديب توفيق(1989)، تاريخ اعلام طب العراقي الحديث، جلد الاول، مطبعة المنصور، بغداد.

لونكريك، ستيفن هيمسلي(1968)، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمة: جعفر الخياط، الطبعة الخامسة، دار الرافدين، لبنان.

نصار، عبدالعظيم عباس(2005)، بلديات العراق في العهد العثماني، الطبعة الاولى، مطبعة شريعت.

الهلالي، عبدالرزاق (1953)، معجم العراق، جلد الاول، مطبعة النجاح، بغداد.

الهلالي، عبدالرزاق (1954)، نظرات الى اصلاح الريف، مطبعة دار الكشاف. بيروت.

يارالي، برهان (2009)، اوراق من ملفات اربيل، مطبعة ارابخا، كركوك.

يارالي، برهان(2008)، اربيل بين الامس واليوم، كركوك.

الوتري و شابندر(1939)، هاشم و محمد خالد، تاريخ الطب في العراق، مطبعة الحكومة، بغداد.

**7 /نامە و تێزى زانكۆيى:**

**أ/ بە زمانى كوردیی :**

محەمەد، ئازاد مەجيد(2017)، ڕەوشى تەندروستى كەركوك لە نێوان ساڵانى (1945-1968)، توێژینەوەیەكى مێژوویی-كۆمەڵایەتییە، نامەى ماستەر، بەشى مێژوو، كۆلێجى زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆى سلێمانى.

**ب/ بە زمانى عەرەبیی :**

رشيد، حيدر حميد (2007)، الأوضاع الصحية في العراق(1945-1958)، أطروحة دكتوراه، قسم تاريخ، كلية التربية – ابن رشد، جامعة بغداد.

الشجيري، عدنان هرير جودة(2005)، النظام الاداري في العراق (1920-1939)، اطروحة دكتوراه، كلية اداب، جامعة بغداد.

**8 /ئينسكلۆپيديا:**

رسول، د. ئيسماعيل شوكر(2009)، هەولێر لەساڵانى داگيركارى و ئينتيدابدا، ئينسكلۆپيدياى هەولێر، بەرگى سێيەم، چاپخانەى گرين گالۆرى، لوبنان.

كاكەسور، محەمەد عەبدوڵلا (2009)، هەولێر بە زمانى ژمارەكان، ئينسكلۆپيدياى هەولێر، بەرگى يەكەم، چاپخانەى گرين گالۆرى، لوبنان.

**9 /وتار و لێكۆڵینەوەكان:**

**أ/ بە زمانى كوردیی:**

ئيسماعيل، جابر پيرداود (1999)، لەناوچوونى چەند داب و نەريتێكى نادروست لە هەولێر، هەولێر(گۆڤار)، ژ.(4)

احمد، عوسمان، رۆژنامەى هەولێر، ژمارە (31)، 1962.

چەخماخچى، پەرژين صادق (1999)، ئەو هۆكارە كۆمەڵايەتيانەى كار لە ئامادەكردنى نەخشە بنەڕەتييەكانى شارى هەولێر دەكەن، هەولێر (گۆڤار)، ژمارە .(3)

كاكەسور، محمد عبدالله(2007)، بارودۆخى تەندروستى لە كوردستانى عێراق (1958-1921)، زانكۆ (گۆڤارى زانستە مرۆڤايەتييەكانى زانكۆى سەلاحەدين-هەولێر)، ژمارە.(29)

گەلاڵەيى، موحەممەد(2023)، بارودۆخى تەندروستى لە قەزاى رواندز(1903-1855)، ديوان)گۆڤار)، ژ(24.(

مستەفا، ئامانج ئەحمەد(2017)، خزمەتگوزارييە گشتييەكانى شارى ڕەواندز لە نێوان ساڵانى (1958-1923)، ئەكاديمياى كوردى (گۆڤار)، ژ.(37)

ميرزا، احسان، رۆژنامەى هەولێر، ژمارە(55)، 1962.

موفتى، عوسمان(1999)، ژيانى كۆمەڵايەتى قەڵاى هەولێر لە سەدەى بيستەمدا، هەولێر(گۆڤار)، ژ.(2)

**ب/ بە زمانى عەرەبیی:**

احمد، ابراهيم خليل (1986)، النشاطات الطبية والخدمات الصحية في العراق 1258-1921، مجلة آداب الرافدين، جامعة الموصل، كلية الآداب، عدد(16).

حريس، إخلاص لفته (2022)، وزراء الصحة في العراق( 1958-1952)، مجلة جامعة انبار للعلوم الانسانية،ع1.

حميدي، قيس اسعد شاكر(2021)، النظام الصحي والاغاثي في الدولة العثمانية، مجلة جامعة العراقية، جلد الاول،ع50.

الدليمي و مظلوم(2024)، حسن ضاري و حسن ناصر، الانجازات والتقييم لوزارة الشؤون الشمال العراقية 1967-1978، مجلة مركز دراسات الكوفة، عدد(72)، الجزء الاول.

محمد، نصير خيرالله(2022)، المؤسسات الصحية في العراق خلال العهد العثماني، مجلة (كلية التربية)، مؤتمر علمي، جامعة واسط.

الجشعمي، محسن عدنان صالح (2021)، وزارة الصحة في العراق(1968-1979)، ايسن(مجلة)، عدد.(2)

**10 /چاوپێكەوتن:**

چاوپێكەوتن لەگەڵ شێزراد شێخانى، هەولێر، 2024/8/13، ناوبراو ساڵى 1955 لە هەولێر لە دايك بووە، نوسەر و رۆژنامەنوسە، ئيستا خانەنشينە و لە هەولێر دادەنيشيت.

چاوپێكەوتن لەگەڵ دكتور فەيسەل عارەب بڵباس، هەولێر، 2025/2/16، ناوبراو ساڵى 1958 لە هەولێر لە دايك بووە، ساڵى 1982 كولێژى پزيشكى بەغداى تەواوكردوە، ئيستا خانەنشينە و لە هەولێر دادەنيشێت

چاوپێكەوتن لەگەڵ كەريم شێخ عەلى، هەولێر، 2025/7/8، ناوبراو ساڵى 1932 لەدايك بووە، دەرچوى خولى تەندروستييە، ئيستا خانەنشينە و لە هەولێر دادەنيشێت.

## الوضع الصحي للواء اربيل 1885-1975

**ملخص:**

مرت صحة أربيل بمراحل وفترات مختلفة، وكل مرحلة تركت تأثيرها على الوضع الصحي، خاصة الأحداث السياسية، ففي العهد العثماني، كانت المستشفيات عبارة عن غرفتين صغيرتين فقط في مبنى البلدية، وفي معظم الأحيان كانت بدون طبيب. واثناء فترة الاحتلال البريطاني، طرأت بعض التغييرات الطفيفة؛ حيث كان الأطباء الضباط في الجيش يعالجون المرضى، على الرغم من أن هدفهم الرئيسي كان منع انتشار الأمراض لحماية جنودهم. قامت الحكومة العراقية بعد تأسيسها بأنشاء وزارة الصحة والكلية الطبية سنة وأحدث بعض التغييرات، لكنه لم يكن بالمستوى المطلوب ورغبة السكان. وطوال فترة الحكم الملكي للعراق، كان الوضع الصحي سيئًا، وكانت في الأقضية والنواحي والقرى أسوأ بكثير. بعد قيام ثورة 14 تموز 1958، حدثت بعض التغييرات وتحسن الوضع الصحي قليلا مقارنة بالمراحل السابقة. لكن الأحداث السياسية مثل الانقلابات العسكرية واندلاع ثورة أيلول عام 1961 في كردستان، أثرت على جميع جوانب الحياة، وخاصة الجانب الصحي. كل هذه العوامل مجتمعة كان لها تأثيرات كبيرة على الوضع الصحي، مما أدى إلى عدم تطور قطاع الصحة في أربيل من حيث الاحتياجات وعدد المستشفيات والمراكز الصحية والأطباء والموظفين بالشكل المطلوب الذي يتناسب مع توسع حجم المدينة وزيادة عدد سكانها. كما أن شحة الميزانية المخصصة لدعم هذا القطاع كانت سبب آخر لتردي الوضع الصحي.

**الكلمات المفتاحية:** أربيل، الصحة، الطبيب، المستشفى، المرض.

## HEALTH STATUS OF ERBIL GOVERNORATE 1885-1975

**ABSTRACT:**

Erbil's healthcare has gone through various stages and periods ،each stage left its impact on the health situation ،especially due to political events. Generally ،during the Ottoman era ،hospitals consisted of two small rooms in the municipality building and often lacked a physician. However ،during the British occupation ،some minor changes occurred ،with army officer-doctors treating patients ،though their main objective was to prevent the spread of diseases to protect their own soldiers. After the establishment of the Iraqi government ،the Ministry of Health ،and the College of Medicine were established and brought about some changes ،but they were by no means sufficient or met the demands of the population. Throughout the monarchy of Iraq ،the health condition was poor ،and it was even worse in districts ،sub-districts ،and villages. At the beginning of the July 14th1958 ، revolution ،some changes occurred ،and the health situation improved compared to previous stages. However ،political events such as military coups and the emergence of the September 1961 revolution in Kurdistan impacted all aspects of life ،especially healthcare. All these factors together had a significant impact on the health condition. This led to the healthcare sector in Erbil not developing adequately in terms of facilities ، number of hospitals ،health centers ،doctors ،and staff ،failing to keep pace with the city's expansion and populationgrowth. The scarcity of allocated budgets was another factor contributing to this situation.

**KEYWORDS:** Erbil ،Health ،Doctor ،Hospital ،Disease.